دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٧٢، یەکشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی، ١٩ی ئاوریلی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com






دیداری دیرۆک

٤



بەرجەوەنی ئابووریی ئێران پاش کۆرۆنا

٦



مینا قاسملوو: باوکم «پاڵمە» نییە

٨



لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

١٠

# چەپڵە بۆ پێشمەرگە سپی‌پۆشەکان



لە ڕۆژانی ڕابردوودا و پاش بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی نەخۆشی کۆرۆنا لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان، کە هاوکات بوو لەگەڵ گوێنەدانی ناوەندە پێوەندیدارە حکومەتییەکان لەمەڕ دابینکردنی بودجە و کەرەستە و کەلوپەلی پێویستی پزیشکی و هەروەها گیانلەدەستدانی چەندین کادر و پزیشکی دەرمانی لە ئێران و کوردستان، هەوڵێکی جێگەی ستایش وەک ڕێزدانان بۆ زەحمەت و ماندووبوونی ئەم کەسانە لە کوردستان دەستی پێکرد و جارێکی تر پێشەنگبوونی کوردستان بۆ خەبات لەدژی چەپەڵی و کاری بەکۆمەڵ و خەباتی مەدەنی نیشان درا.

ئەگەرچی لێپرسراوانی حکومەتی هەموو هەوڵی خۆیان خستە گەڕ تاکوو پەتای کۆرۆنا لە شارەکانی ئێران و بەتایبەت کوردستاندا بڵاو بکەنەوە و بەر بە تەشەنەسەندنی نەگرن، بەڵام هەوڵی خۆڕسک و جێگەی ڕێزی خەڵک هەم بۆ گەنبڕکردنی شار و گوندەکان و هەم بۆ گەیاندنی پێداویستیی دژەگەندکردنی ماڵ و شوێنە گشتییەکان و هەروەها گەیاندنی یارمەتی ماڵی و خۆراکی بە کەسانی کەمداهات لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ئەوپەڕی وشیاری و وریایی گەلەکەمانی پیشان دایەوە و جارێکی تر دەریخست کە کوردستان بە ڕۆحی ئینسانییەوە دەڕوانێتە هاوچەشنەکانی خۆی و دیسانەوە کوردستان بوو بە سەرباشقە بۆ مرۆڤایەتی!

جیا لەمەش دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تاڵانکارییەکانی ڕێژیم لە ناوەندە دەرمانی و پزیشکییەکان و لەحاڵێکدا کە کوردستان داخداری لەدەستدانی چەند کادری دەرمانی دڵسۆزی خۆی بوو، کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەمەبەستی بەرزنرخاندنی کار و چالاکی و خزمەتی دوکتور و پەرستار و هەموو ئەو کەسانەی کە لەو بوارەدا بە هانای کۆمەڵانی خەڵکەوە ڕۆیشتوون، کەمپەینێکیان لەژێر ناوی «پارێزەرانی ژیان « و بە دروشمی «پێشمەرگانی سپی پۆش، قەت ناکرێن فەرامۆش» بۆ ڕۆژی هەینی ٢٢ی خاکەلێوە کاتژمێر ١٠ی شەو بە کاتی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند تاکوو بە هاتنەدەر لە ماڵ یان لە سەربانەکانیانەوە بۆ ماوەی یەک خولەک بە چەپڵەلێدان پشتیوانیان لێ بکەن کە ئەم کەمپەینە پشتگیری ڕاستەوخۆی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی لێکەوتەوە.

هەر لە هەمان ڕاستادا بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات ڕوو لە کۆمەڵگای پزیشکیی کوردستان پەیامێکی لە تویتێری خۆیدا بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: «لە هەڵمەتی پشت بەخۆبەستن لە دژی کۆرۆنادا، پێشمەرگە سپی پۆشەکان لە سەنگەری پێشەوەی گیانبازین بۆ پاراستنی ژیانی هاونیشتمانییان.

پێشمەرگایەتیتان پیرۆز ڕۆڵە خەباتکارەکانی وڵات، ڕۆژهەڵات ڕێزتان لێ دەگرێت و فەرامۆشتان ناکات».

ئەمانەش وایان کرد کە جارێکی تر خەڵکی کوردستان بەکردەوە بیسەلمێنن کە جیا لە حکومەتی داگیرکەر ژیان دەکەن، بیر دەکەنەوە و بڕیار دەدەن و ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٢ی خاکەلێوە کاتژمێر ١٠ی شەو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕێزگرتن لە کۆمەڵگای پزیشکیی کوردستان لە شارەکانی کوردستان لەوانەش «بۆکان، پیرانشار، سنە،مەریوان، مەهاباد، سەقز، شنۆ، بانە و نەغەدە و گوندەکانی ژاوەڕۆی سنە» خولەکێک چەپڵەیان لێدا و ڕێزیان لە پێشمەرگە سپی‌پۆشەکانی کوردستان گرت.

ئەم ڕێزگرتنە لە شەوانی دواتریش دووبارە کرایەوە و خەڵکی بەئەمەگی مەریوان جارێکی دیکە بۆ ڕێزگرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی پزیشک و پەرستار و کادرە دەرمانییەکان، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی خاکەلێوە، کاتژمێر ٩ی شەو، چەند خولەک چەپڵەیان لێدا و بۆ جارێکی دیکە ڕێزیان لە گیانفیدایی پێشمەرگە سپی پۆشەکان گرت.

ئەم هەوڵە جێگەی ڕێزانە لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی ملهۆڕ هەر وەک ڕابردووی پڕتاوانی خۆی سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی درۆ و ئاماری ناڕاست و بەنهێنی دزی و تاڵان و تاوانکارییە.

لەکاتێکدا کە خەڵک لە کوردستان بۆخۆیان قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵیوە تاکوو گەل و نیشتمانەکەیان بپارێزن، ڕێژیم سەرقاڵی دەستدرێژی کردنە سەر سرووشت و ژینگە و سەرمایە ماددی و مەعنەوییەکان و گیانلەبەر و بێ‌گیانی ئەم هەرێمەیە و لە ڕێگەی دەستوپێوەندییەکانییەوە بەردەوامە لە کاولکاری و تاڵان و تاوان؛

بەچەشنێک کە دژەگەلییەکانی ڕێژیم لە کوردستان بە کەڵکاوەژوو وەرگرتن بارودۆخی داسەپاو ئەوپەڕی تاوانکاربوونی خۆی نیشان دا و لە کەشی پڕ لەترسدا دەستی تاوانکاری خۆی لە مستەفا سەلیمی بەندکراو و دیلی دەستی خۆی نەپاراست و لەوپەڕی ترسنۆکیدا لە سێدارەی دا.

هەر لەسەر ئەم بنەماش لە ڕێگەی تاقمێک قازانجویست و نەفسنزمی ناوچەیی و خۆبەکەمزان و ناوشیاری هێندێک دەڤەر، پەرەی بە دیاردەی دزێوی تاڵانکردنی سرووشت دا تاکوو سروشتی نیشتمانەکەمان بەرەو زیانی قەرەبوونەکراو و لێواری فەوتان و هەڵدێری لەنێوچوون ببەن.

بەکورتی کورد و کۆماری دژەگەلی ئاخوندی لەمێژساڵە ڕێگای خۆیان لە یەکتر جوێ کردۆتەوە کە زەقترین و بەرچاوترین حاڵەتی هەر ئەوەیە کە باس کرا. لەلایەکەوە هێزی گەل هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنانی نیشتمانێکی ئاوەدان دەدات و لەو لاوە ڕێژیمی خاپوورکەر هەوڵی فەوتاندن؛ لەملاوە گەل بڕیاری پاراستنی خەڵکەکەی دەدات لەولاوە ڕێژیم بڕیاری ئاڵوودەکردن.

لێرەدایە کە دەتوانین بڵێین کورد بیر لە نیشتمانی دوای کۆرۆنا و کۆرۆناکان دەکاتەوە!

پەیڤ

## سووکایەتی بە زانست

کەریم پەرویزی

سەردەمانێك، لە هاتنەوەی بەڵای خومەینیدا بۆ نێو ئێران، کەسانێکی نەزانیان وا لێ کردبوو کە وێنەی خومەینییان لە نێو مانگدا دەبینی و لە ئێستەشدا لە هاتنی بەڵای کۆرۆنا بۆ ئێران، لەسەر ئەساسی هەمان شێوازی نەزانپەرستی دەزگای دۆزینەوەی ڤیرووس لە مەودای سەد میتری نومایش دەکەن!

سەرەتا و کۆتایی ئەم ڕێژیمە یەك شتە و ئەویش گاڵتەکردن و سووکایەتی بە زانست. لە هەر بەڵا و ماڵوێرانییەکەیشدا یەکەم قوربانی زانست و تێگەیشتنە و ئەوەی کە بەردەوام پەرەی پێ دەدرێ، خورافات و گەوجاندنە. ڕێژیمی ویلایەتی فەقهیی لە جەهل و نەزانییەوە سەرچاوەی گرتووە و بە خورافات ئاو دەدرێ.

کاتێك کە خەڵکی ئێران لە ستەمە سیاسییەکانی دەسەڵاتداریی پاڵەوی وەزاڵە هاتبوون و باوك و کوڕ، ڕەزا و حەمەڕەزا، پەنجا ساڵ ستەمیان لەم خەڵکە کردبوو و هەموو گەلانی ئێرانیان داپڵۆساندبوو، خەڵك وەدوای ڕێگایەکی ڕزگاری دەگەڕان و سەرسامی ڕزگاریدەرێك بوون. لەو جۆرە کاتانەدا کە خەڵك هەست بە بێتوانایی دەکەن و نەهامەتی بەرۆکیانی گرتووە، هەر دەلاقەیەکی زۆر بچووکیش هیوای پێ دەبەستن. لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە ئامرازەکانی گەیاندنی زانیاری زۆر لەبەردەستدا نەبوون و نەزانیی هەندێك خەڵك دەبوو بە سەرچاوەی ناندەرهێنان بۆ فریوکاران، وایان بڵاو کردەوە کە وێنەی خومەینی لە ناو مانگدا بینراوە و بەم شێوەیە سیمایەکی جادوویيان بە خومەینیی تاوانبار بەخشی، بەڵام لە کردەوەدا خومەینی هەمان کەس بوو کە دەیگوت بشکێنن ئەم قەڵەمانە و ببڕن ئەم زمانانە و فەرمانی جەهادی بە دژی کورد دەر کرد.

لە ئێستەدا کە بەڵای کۆرۆنا هاتووە و بەرۆکی نەتەوەکانی ئێرانی گرتووە، دووبارە نەهامەتی و بێدەرەتانی گوشاریان هێناوە و خەڵك بەدوای دەلاقەیەك بۆ ڕزگارکردنی گیانیاندا دەگەڕێن.

دووبارە بەڵایەکی دیکە ژیانی ڕۆژانەی لە خەڵکی کردووە بە ژەهری تاڵ و بۆ دەستخستنی پاروە نانێك دەبێ دەیان مەیدانی مینڕێژکراوی کۆرۆنایی تێپەڕێنن و لەوە دڵنیا نین کە شەو بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە لای منداڵەکانیان یان نە؟

لەوەها دۆخێکدا سپای پاسداران و دامودەزگاکانی ڕێژیم کە بە شاردنەوەی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# مستەفا هیجری: پێشمەرگە سپی پۆشەکان لە سەنگەری پێشەوەی گیانبازین بۆ پاراستنی ژیانی هاونیشتمانییان



«مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕوو لە کۆمەڵگای پزیشکیی کوردستان پەیامێکی لە تویتێری خۆیدا بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

لە هەڵمەتی پشت بەخۆ بەستن لە دژی کۆرۆنادا، پێشمەرگە سپی پۆشەکان لە سەنگەری پێشەوەی گیانبازین بۆ پاراستنی ژیانی هاونیشتمانییان.

پێشمەرگایەتیتان پیرۆز ڕۆڵە خەباتکارەکانی وڵات، ڕۆژهەڵات ڕێزتان لێ دەگرێت و فەرامۆشتان ناکات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی «ناوەندی هاوکاری» بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە سپی پۆشەکان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بۆ ڕێزگرتن لە ئەرک و دڵسۆزییەکانی کادر، پزیشک و پەرستارەکانی نەخۆشخانەکانی ئێران و کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانییانی خۆشەویست!

خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!

کوڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

هەر وەک هەموومان ئاگادارین زیاتر لە ٤ مانگە لە وڵاتی چینەوە نەخۆشیی کوشندەی کۆرۆنا سەری هەڵداوە و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کۆمەڵگای جیهانیی تەنیوە و دەیان هەزار کەس بوونەتە قوربانی و بە ملیۆنان کەسیش ئێستا لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدان. لەم پێوەندییەدا لە سەرتاسەری دونیادا کادری پزیشکی و دوکتور و پەرستار و دامەزراوە پزیشکی و خێرخوازییەکان بۆ پێڕاگەیشتن بە تووشبووانی ئەم ڤایرۆسە مەترسیدارە و قوتاربوونی تووشبووان و گەڕاندنەوەی باری تەندروستییان بۆ دۆخی ئاسایی، ڕۆڵێکی مێژوویی، کاریگەر و مرۆڤدۆستانەیان لە خۆیان نیشان داوە و هەر لەم ڕێگەیەشدا دەیان کەس گیانیان لە پێناو ئەم خزمەتە بەشەردۆستانەیەدا پێشکەش کردووە و مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییان بۆ خۆیان تۆمار کردووە.

لە وڵاتی ئێمەشدا کە ڕێژەی تووشبووان و قوربانییان لە سەرترە و ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەک سیاسەتی هەمیشەییان لە بەرامبەر ئەم ڕووداوە مرۆیی و مەترسیدارەدا کەمترین هەنگاوی ئەرێنییان بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتییان و تووشبووانی ئەم ڤایرۆسە هەڵنەگرتووە و زۆر چەواشەکارانەش لەم پێوەندییەدا خۆیانیان دەرخست. ئەوەی جێی سەرنجە ئاستی وشیاریی کۆمەڵانی خەڵک و دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسیارێتیی دوکتورەکان و پەرستارەکان و سەرجەم کادری دەرمانی و پزیشکی و خەڵکی خۆبەخش بوو کە بە پێڕاگەیشتن بە نەخۆشەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی تەندروستی بۆ هاوڵاتییان، بەردەوام لە خزمەتکردن و شەونخوونیدا بوون. کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەم ئافەت و پەتایە بێبەش نەبوونە و بە دەیان کەس گیانیان لەدەست داوە و بە سەدان کەسیش لەژێر چاوەدێریی پزیشکی و بەگشتی لە قەرەنتینەدان.

بە نیشانەی بەرز نرخاندنی خزمەتی دوکتورەکان و پەرستارەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە لەو بوارەدا بە هانای کۆمەڵانی خەڵکەوە ڕۆیشتوون، کۆمەڵێک لە ئۆگرانی خزمەت بە کۆمەڵی مرۆڤایەتی کەمپەینێکیان لەژێر ناوی «پارێزەرانی ژیان « و بە دروشمی «پێشمەرگانی سپی پۆش، قەت ناکرێن فەرامۆش» بۆ ڕۆژی هەینی ٢٢ی خاکەلێوە کاتژمێر ١٠ی شەو بە کاتی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندووە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی سپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە سپی پۆشانە لە سەرتاسەری دونیا و بەتایبەت لە ئێران و کوردستاندا، پشتیوانی لە هەڵوێستی ئەمەگناسانەی ئەو پۆلە چالاکڤانە سیاسی و مەدەنییە دەردەبڕێت و داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستانیش دەکات کە بە پیری ئەم بانگەوازە مرۆڤدۆستانەیەوە بێن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**٩ی ئاپریلی ٢٠٢٠ی زایینی**

# دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات: تێکدەرانی ژینگەی کوردستان لەقاو بدەن

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنیسبەت تێکدانی ژینگەی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئێران و دەستوپێوەندییەکانەوە؛ داوای لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی ئەندامانی حیزبی دێموکرات کرد، هەموو ئەو کەسانەی کە ژینگە تێک دەدەن ئاشکرا بکرێن.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانانی خۆشەویست

خەڵکی خەباتکار و نیشتمانپەروەری کوردستان

نیشتمان،زێد، ژینگە و بێشکەی ڕۆڵەکانمان و ئامێزی گەشە، پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکانمانە. نیشتمانی ئاوەدان و جوان و ڕازاوە، هێما و نوێنگەی کلتوور و پێگەیشتوویی ڕۆڵەکانییەتی. نیشتمانی ئاوەدان، ژینگەی پاک و دەڤەری ڕازاوە و جوان، پیت و پێزی خاک لە سێبەری خەمخۆری، مشوور و خزمەتی گەلەکەیەوە پێدەگات و گەشە دەکات.

ئێمە وەک هەموو تاکەکانی ئەم نیشتمانە بەرامبەر ئاو، خاک و ئاوەدانی و پێکهاتەکانی کە سەرچاوەی بەردەوامیی ژیانمانە بەرپرسیارین. گەلەکەمان زۆر باش ئەوە دەزانێ کە بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان، بە بەردەوامی پیلانگێڕیی بۆ کاولکاری، لە بۆمب و تۆپبارانەوە بگرە هەتا ئاورتێبەردانی بەئەنقەست و زۆر پیلانی دزێوی دیکە؛ هەوڵی تێکدانی ژینگە و وار و سروشتمانی داوە.

هەنووکەش هەر لە سایەی ئەم حکوومەتە گەندەڵ و کاولکارەدا بەشێکی زۆری لێڕەوار و بەستێنی ڕووبار و جوانییەکانی سروشتی وڵاتەکەمان کەوتووەتە مەترسی و لێواری هەڵدێری فەوتان و لەناوچوون. ڕێژیمی گەندەڵ، نالێهاتوو و دوژمنکارلەگەڵ گەل و نیشتمانی کورد، نە دەیهەوێ و نەدەتوانێ پارێزگاری لە سروشتی نیشتمانەکەمان بکات. ئامرازە ئیداری و بەڕێوەبەرییەکانی ئەم ڕێژیمە هەر لە نەبوودا هێندەی دیکە دافەتاوە و فەوتاوە و ئەوی ماوە دەزگای سەرکوت و زەبر و زەنگ و وێرانییە کە بەئاشکرا لە کوردستان دژی ژینگە و ئازادی و ئاوەدانییە.

ئەم ئامرازە دژەگەلییەی ڕێژیم لە کوردستان بە کەڵکاژۆ لە کۆمەڵێک قازانجویست و نەفسنزمی ناوچەیی و خۆبەکەمزان و ناوشیاری هێندێک دەڤەر، پەرە بەم دیاردە دزێوە دەدەن و سروشتی نیشتمانەکەمان بەرەو زیانی قەرەبوو نەکراو و لێواری فەوتان و هەڵدێری لەنێوچوون دەبەن.

هەربۆیە هەرتاکێکی ئێمە پێویستە بە بەرپرسیارییەوە هەمبری هەڵوێست بگرین و دژی ڕاوەستین. بە هەر هۆیەک کەبۆمان دەکرێ بەر بەو ڕەوتە کاولکەرە بگرین.

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای ئەوەی داوا لەهەموو خەڵکی کوردستان دەکات کە بەوریاییەوە پارێزگاری لە زێدەکەیان بکەن، هەموو ئەندام و لایەنگرانی ڕادەسپێرێ کە بە هەموو تواناکانیانەوە هەوڵی ئاشکراکردن و لەقاودانی پیلانەکانی ڕێژیم و دەستوپێوەندەکانی لە کوردستان بدەن.

هاونیشتمانان لە زیانەکانی زێدەڕۆیی و دەستدرێژی بۆ سەر سروشتی وڵاتەکەمان ئاگادار و وریا بکەنەوە، هانیان بدەن نەکەونە داوی قازانج و دەسکەوتی کورتخایەن و بە دەستی خۆیان هێلانەی ژیانی نەوەکانیان نەڕووخێنن.

**جوانی و ئاوەدانی بۆ نیشتمان**
**بەختەوەری بۆگەل**
**سەرکەوتن بۆخەباتکارانی پارێزەری ژینگەی کوردستان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**١٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ڕوونکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنیسبەت ئێعدامی «مستەفا سەلیمی»

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنیسبەت ئێعدامی «مستەفا سەلیمی» زیندانیی کورد، ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕوونکردنەوەکە بەم چەشنەیە:

ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی

بەدوای ئێعدامی یەکێک لە بەندکراوانی هەڵاتوو لە بەندیخانەی سەقز، بە ناوی «مستەفا سەلیمی»، ژمارەیەک لە ڕاگەیاندنەکان، هەرکام بە تەعبیری خۆیان لە لێدوانەکانی هاوڕێیان و ڕاگەیاندنی حیزبی مەسەلەکەیان خستووەتە بەرباس؛ بۆیە بۆ ئاگاداریی ڕای گشتی بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕادەگەێنین:

١. ئێعدامی بەندکراو مستەفا سەلیمی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە توندی مەحکووم دەکەین.

٢. ئەوەی کە ناوبراو چۆن دەستگیر کراوەتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ناوبراو هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی بە حیزبی ئێمەوە نەبووە، بۆمان ڕوون نییە، بەڵام ئێستا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕوونبونەوەی چۆنیەتی ئەو مەسەلەیە لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە، بە هەنگاوێکی بەجێی دەزانین و هیواداریـن ئاکامی لێکۆڵینەوەی ئەو لێژنەیە دەرخەری ڕاستیی ڕووداوەکە بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**نوسینگەی کارگێڕی**
**٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئێعدامی «مستەفا سەلیمی»ی مەحکووم کرد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan’s Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

١٧یەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفڕانسەوە بەڕێوە چوو.

بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی خاکەلێوە، ١٧یەمین کۆبوونەوەی ئاسایی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی هەیئەتەکان لە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفڕانسەوە پێک هات.

سەرەتا «محەممەدنەزیف قادری»، بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی دەورەیی ناوەند، ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی ناوەندی پێشکەش بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد.

دوای تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکە، وێڕای ماندوونەبوونی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەستخۆشی لە ڕاپەڕاندنی کارەکان و پێکهێنانی هاوئاهەنگی لەنێوان لایەنەکاندا، ڕاپۆرتەکە پەسەند کرا.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەدا باس لە بەرنامەکانی داهاتووی ناوەند کرا و بڕیار درا لایەنی بەرپرسی دەورەیی، «حیزبی دێموکراتی کوردستان» دەبێت. بەپێی سروشتی هەرکام لەو بابەتانەی کە لە بەرنامەی نێوخۆیی ناوەندا جەختیان لەسەر کراوە، ڕاوێژ لەگەڵ هەیئەتەکانی ناوەند بکرێت و لە چوارچێوەی پرەنسیپە گشتییەکانی ناوەندا ڕاپەڕێنن.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا پرسی لەسێدارەدانی «مستەفا سەلیمی» خرایە بەر باس.

دوای تاوتوێکردنی زانیارییەکان وێڕای مەحکوومکردنی لەسێدارەدانی «مستەفا سەلیمی» و ڕیسواکردنی ئەو تاوانەی ڕێژیمی دژەمرۆیی ئیسلامیی ئێران، وەک هەموو تاوانەکانی دیکەی و هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی «مستەفا سەلیمی»، ناوەند پێداگریی کرد لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە لەلایەن لێژنەی لێکۆڵینەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی ئەو ڕووداوە و ڕاگەیاندنی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە بۆ ڕای گشتی و گەلی کورد.

لە کۆتاییدا بەشداربووان لە کەشێکی دۆستانەدا کۆتاییان بە کۆبوونەوەکە هێنا.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# کاناڵێکی تایبەت بە بەشی شەهیدان دامەزرا

بەشی شەهیدان سەر بە کۆمیسۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاناڵێکی تایبەتی لەژێر ناوی «ساتێک بێدەنگی»، تایبەت بە بەشی شەهیدان دامەزراند و ئاگادارییەکی لەم پێوەندییەدا بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

سەرجەم بنەماڵەی سەربەزی شەهیدان و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی ئاگادار دەکەینەوە کە لە ئێستادا بەشی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خاوەنی کاناڵێکی تێلێگرامی بە ناوی «ساتێک بێدەنگی»ـە.

ئەو کاناڵە بەفەرمی لەلایەن بەشی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێوە دەچێت.

هاوکات هەموو لایەک ئاگادار دەکەینەوە، بێجگە لەوە هەر کاناڵ و پەیجێک یان گرووپێکی دیکە کە بە ناوی شەهیدانەوە چالاکی دەکات نە لە دوور و نە لە نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە و لەلایەن بەشی شەهیدانی حیزبی دێموکراتەوە ڕەسمییەتی نییە.

بۆ زانیاری و ناردنی هەر بابەتێکی پێوەندیدار بە شەهیدانەوە دەتوان پێوەندی بەو ناونیشانانەوە بگرن.



**لەگەڵ ڕێزماندا**
**بەشی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
Channel: https://t.me/shehid_pdki۲٤

# سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بەبۆنەی کۆچی دوایی «جەماڵ حەکیم ئاغا» یەکێک لە تێکۆشەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی مەکتەبی پێوەندییەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کرد.

دەقی پرسەنامەکە بەم چەشنەیە:

مەکتەبی پێوەندییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان،

وێڕای سڵاوێکی گەرم،

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان و کادری بەوەجی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەڤاڵ جەماڵ حەکیم ئاغامان پێگەیشت کە بوو بەهۆی خەم و پەژارەی هەموومان.

بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەو تێکۆشەرە ناسراو و نیشتمانپەروەرە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرەخۆشی و هاودەردی لە سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بنەماڵەی ئەو خەباتگێڕە ناسراوەی گەلەکەمان و هەموو کادر و پێشمەرگە و جەماوەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین و خۆمان لە پرسەی ماتەمینیی لەدەستچوونی ئەم ڕۆڵە تێکۆشەرەی گەلەکەماندا بە شەریک و بەشدار دەزانین.

هەڤاڵانی بەڕێز!

جەماڵ ئاغا یەکێک لەو ڕۆڵە نیشتمانپەروەرانە بوو کە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و کادرێکی بە بیر و باوەڕ و مافخواز زیاتر لە ٥٠ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازیی خۆی لەم کاروانە پڕ حەماسە و بەرخۆدانەدا بەسەر برد و بوو بە کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. جەماڵ ئاغا تێکۆشەرێکی خوێنگەرم، خەڵکی و خاکی، قسەخۆش و نوکتەزان بوو و هەر ئەم تایبەتمەندییە بەرزانەی بوون بەهۆی ڕاکێشانی سەرنجی دۆستانی و ڕێبەرانی کورد لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی ڕێزدار مام جەلال تاڵەبانیدا زۆر جار یەکێک لە پارێزەرانی بوو و بە تایبەت لە سەردانەکانی بۆ لای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری مەزن دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، جەماڵ ئاغا لە حیزبی دێموکراتدا جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەبوو و بە ڕێزەوە چاوی لێدەکرا و پێشوازیی لێ دەکرا.

کۆچی دوایی جەماڵ ئاغا بێگومان بۆ هەڤاڵانی و بنەماڵەی نیشمانپەروەری و دۆستانی زیانێکی گەورەیە. ئێمە جارێکی دیکە پرسە و سەرخۆشیتان لێ دەکەین و ڕۆحی شاد بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەدەبیاتی دەروەستی خۆی هەیە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاگادارییەک بۆ ڕای گشتیی بڵاوی کردەوە هیچ ماڵپەڕ و لاپەڕەیەک بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە بوونی نییە مەگەر لەلایەن کەس یا دەزگای بەرپرس و دیاری حیزبی دێموکراتەوە تەئید کرابێت.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

ئاگادارییەک بۆ ڕای گشتی

لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دنیای مەجازیدا، هەندێک لاپەڕە و ژمارەی تایبەت کراونەتەوە و ڕەنگە لە داهاتووشدا لاپەڕەی دیکە بکرێنەوە کە خاوەنەکانی پشتی ئەو لاپەڕانە دیار نین.

ئەم لاپەڕانە یان بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان دەزگا و ئۆرگانێکی ئەم حیزبەوە دەکرێنەوە و بەڕێوەبەرانیان بۆ حیزبی دێموکرات ناسراو نین و دیار نییە کێ بەڕێوەیان دەبا.

پێشتریش ڕاگەیەندراوە و دووپاتی دەکەینەوە کە هیچ ماڵپەڕ و لاپەڕەیەک بە ناوی حیزبی دێموکرات و یان دەزگایەکەی ئەم حیزبەوە، پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نییە، مەگەر ئەوەیکە لەلایەن کەس یان دەزگای بەرپرس و دیاری حیزبی دێموکراتەوە تەیید کرابێ یان لە ماڵپەڕی ناوندیی حیزبی دێموکرات واتە، ماڵپەڕی «کوردستان میدیا»دا بە فەرمی ڕاگەیەندرابێ.

بەتایبەت کە هەندێک لاپەڕە و ئەکاونت لەم ڕۆژانەدا شت دەنووسن و بابەت بە دژی ئەم لایەن و ئەو لایەنی سیاسی بڵاو دەکەنەوە کە لە زمان و ئاخاوتنی حیزبی دێموکراتەوە دوورە و حیزبی دێموکرات ئەدەبیاتێکی تایبەت و دەروەستی خۆی هەیە و زمانی سووک بەنیسبەت هیچ لایەن و کەسایەتییەکەوە وەگەڕ ناخا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی**
**٢٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٠ی کوردی**
**١٣ی ئاوریلی ٢٠٢٠ی زایینی**

# هاوپێوەندی بۆ بەرابەری و ئازادی لە ئێران، ئێعدامی «مستەفا سەلیمی»ـی مەحکووم کرد

«هاوپێوەندی بۆ بەرابەری و ئازادی لە ئێران» بەنیسبەت ئێعدامی «مستەفا سەلیمی» کە ماوەی ١٧ ساڵ لە یەکێک لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بووە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لە سەرەتای ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، ئێعدامی جینایەتکارانەی زیندانیی سیاسی، «مستەفا سەلیمی» مەحکووم دەکەین. لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێراندا و کەمتەرخەمیی ڕێژیمی ئێران بەنیسبەت بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە لە زیندانەکاندا، لە هەندێک لە زیندانەکان یەک لەوانە زیندانی شاری سەقز، زیندانییان دەستیان بە نارەزایەتی کرد، «مستەفا سەلیمی» یەکێک لە زیندانییەکانی ئەو زیندانە توانی هەڵبێت. ناوبراو دوای هەڵاتنی لە زیندان لە کاتی پەڕینەوە لە سنووری ئێران و هەرێمی کوردستاندا دەسبەسەر کراوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، لە چۆنییەتیی دەسبەسەکرانی ناوبراو دوو قسەی جیاواز هەیە، لەلایەک ڕێژیمی ئێران ڕایگەیاندووە کە لە خاکی ئێران دەسبەسەری کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە دەوترێت لە هەرێمی کوردستان دەسبەسەر کراوە و گەڕێندراوەتەوە نێوخۆی ئێران. لە بەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، هەر وەک «مەسروور بارزانی»، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندوە کە لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەو ڕووداوە دەکەن، ئێمەش چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەین، چونکە کۆمەڵگای جیهانی و بەتایبەت خەڵکی ئێران چاوەڕوانن. هاوپێوەندی بۆ بەرابەری و ئازادی لە ئێراندا وێڕای مەحکوومکردنی ئێعدامی «مستەفا سەلیمی» هاودەردیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی ناوبراو دەربڕی. لە کۆتایی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، داوا لە لایەنە سیاسی، ئازادیخواز، مرۆڤدۆستەکان و چالاکانی مافی مرۆیی دەکەین بۆ پێشگرتن لە ئێعدامەکان لە ئێران، تێکۆشانیان دوو بەرابەر بکەنەوە.

## درێژەی پەیف

ڕاستییەکان و بە سیاسەتە دژە مرۆییەکانیان بەڵای کۆرۆنایان بەدیاری بۆ خەڵك هێنا، لە دەستەوەستانی و دڕندەیی خۆیاندا پەنا دەبەنەوە بەر نەزانپەرستی و خورافات.

بەڵای کۆرۆنا دەرگای شوێنی زیارەت و کاسبیی لە کۆماری ئیسلامی داخست بەڵام بە شێوی دیکە هەر دەیانهەوێ دژایەتیی زانست بکەن و ڕۆژانە بەرهەمی دژەزانین و وشیاری دەخەنە بازارەوە. وەزارەتێکی وەکوو وەزارەتی تەندروستی کە دەبێ زانستیترین دەزگای حکوومەتی لە ئێران بێ، لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا دەیان هەواڵ و ڕاپۆرتی نازانستیی داوە و تەنانەت سەرەتا دەیانگوت کە ئەوە دەرمانی ڕاستەقینەی کۆرۆنایان دۆزیوەتەوە و تەنانەت هەناردەی دەرەوەشی دەکەن! یان بەشێك لە نەزانپەرستانی حاکمیەتی وایان دەنواند کە نەخۆشیی کۆرۆنا ناگاتە مەزارەکان و بارەگاکان لە قوم و مەشهەد چونکە خۆیان دژە کۆرۆنان!

نەزانپەرستی و خورافات لە دوو شوێن گەیشتنە لووتکە! ئەو کاتەی خامنەیی لەوپەڕی بێتوانایی و دەستەوەستانیدا کە داڕووخانی ڕێژیمەکەی بەچاوی خۆی دەبینێ، پەنای بردە بەر جنۆکە و ڕایگەیاند کە ئەوە جنۆکە هێرشیان بۆ ڕێژیمەکەی هێناوە! لە ڕاستیدا ئەوە مێشکی خودی خامنەییە کە جنۆکە دەستی لێوەشاندوە! لە ڕۆژانی ڕابردووشدا، سوپای پاسداران بەوپەڕی بێشەرمییەوە، دەزگایەکی دۆزینەوەی فیلێزیان هێنابوو کە پێشتر بۆ دۆزینەوەی زێڕ و خەزێنە، گۆڕستانەکانی ئێران و شوێنەوارەکانین بۆ تاڵانکردنی ئاسەوارەکان لە ئێران کەڵکیان لێ وەرگرتبوو!

ئەم دەزگای دۆزینەوەی فیلێزەیان وەکوو دەزگای شوێنهەڵگری کۆرۆنا نومایش کرد کە لە مەودای سەد میتری ڤیرووسی کۆرۆنا دەدۆزێتەوە!

ئەم کردەوەیەی سپای پاسداران ئەوپەڕی دەستەوەستانی و هەروەها خەڵك بەگێلزانینی ئەم ڕێژیمەی نیشان دا و گەر بەسیجییەکی بێمێشك بڕوا بە قسەکانی سوپا بکا، خۆ تەواوی دونیا دەزانێ خەریکی درۆ و بڵاوکردنەوەی خورافاتن. هەروەك ئەنجومەنی فیزیکی ئێران ڕایگەیاند کە ئەمەی سوپای پاسداران گاڵتەکردن بە سنوورەکانی زانست بوو و فیزیکدانێکی دیکە وتی بەم کارەی سوپای پاسداران ، هەموو دونیا پێدەکەنێ بە ئێران.

چل ساڵە کە ئەم ڕێژیمە خورافات بڵاو دەکاتەوە و سووکایەتی بە هەموو دەسکەوتەکانی زانست دەکا، بەڵام ئێستا نەزانی و نەزاپەرستییان جیهانی بۆتەوە و هەموو دونیا پێی زانیوە.

# ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە مەهاباد سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارویرانی مەهاباد بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد.

پێشمەرگەکانی شار لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد لە درێژەی کار و چالاکییەکان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سەردانی گڵکۆی شەهیدان لە قەبرستانی شەبەک، هەڵکەوتوو لە نێوان گوندەکانی «خوڕخوڕە، قەرەداغ ، گاپیس و قجیئاوا» کردووە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات دوای دانانی تاجەگوڵینە، بە جامانە و ئاڵای کوردستان گڵکۆی شەهیدانیان ڕازاندووەتەوە و پەیمانی وەفاداری خۆیان لەگەڵ شەهیدان نوێ کردەوە.

هاوکات بەڵێنییان بە بنەماڵەی شەهیدان، دایک و خوشکانی شەهید داوە کە هەتا دوایین هەناسەی ژیان درێژەدەری ڕێگای شەهیدان دەبن.

لە درێژەی ئەو کار و چالاکییەدا ڕێزیان لە زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی گرتووە کە خۆڕاگریی ئەوان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا لەبیر ناکەن.

هەروەها ئەندامانی حیزب ئامادەیی خۆیان بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی حیزبی دەربڕیوە.

لەلایەکی ترەوە ڕۆژی ١٦ی خاکەلێوە، پێشمەرگەکانی شار لە گوێکتەپە، بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، بۆ چەندەمین جار ئەو ڕۆژەیان بەرز نرخاند و چالاکیی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا.

قارەمانانی دێموکرات لەم چالاکییەدا بە دەیان تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژە و هەروەها وێنەی شەهیدانیان لەنێو شاری گوێکتەپەدا بڵاو کردەوە.

ڕێکەوتی ٢٨ی خاکەلێوە پۆلێک لە پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان سەردانی گڵکۆی هەر یەک لە شەهیدان «خدرە سوور» و «ڕەحمان مورادی» ناسراو بە «ڕەحمان سوێناسی»یان کرد.

پێشمەرگەکانی شار بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر گڵکۆی شەهیدان و خواردنی سوێندی وەفاداری، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان دووپات کردەوە.

گڵکۆی شەهید «خدرە سوور» و چەند شەهیدێکی دیکە لە گۆڕستانی «لاس و خەزاڵ» لە کوێستانی سێوەسووریَ هەڵکەوتووە و هەروەها گڵکۆی شەهید «ڕەحمان سوێناسی» لە کوێستانی سێوەسووریَ لە پشت گوندی «برایم خەسار»ی ناوچەی گەورکایەتیدایە.

لە ڕێگای نێوان گڵکۆی ئەو شەهیدانە لە دۆڵی سێوەسووریَ، دۆڵی تاقەبی و گۆڕستانی «لاس و خەزاڵ» چالاکیی بەرینی تەبلیغیی بەڕێوە چوو.

شەهید «خدرە سوور» فەرماندەی هێزی پێشەوا، ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە مەهاباد لەدایک بووە و لە ساڵی ١٣٦٦ لە چیای «تەرەغە» لە دەرگیرییەک لەگەڵ هێزە دژە گەلییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران شەهید بوو.

شەهید «ڕەحمان مورادی» لە مەهاباد لەدایک بووە و ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە گوندی «برایم خەسار» شەهید بووە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری ئیلام ڕێکەوتی ٢٠ ی خاکەلیوە بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەو چالاکییەدا لە کێوی «شەلەم» ئاڵای کوردستانیان لەسەر بەرزاییەکانی ئەو کێوە نەخشاندووە.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا ئامادەیی خۆیان بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حیزب ڕاگەیاند.

ڕۆژی هەینی ٢٩ی خاکەلێوە ، ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دەوروبەری گوندی «دەریاوی» لە ناوچەی سەرشیوی سەقز چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەم وەرزەدا کە خەڵکێکی زۆر بەردەوام و هەموو ڕۆژێ لە شاری سەقز و ناوچەکانی دەوروبەرەوە ڕوو دەکەنە ئەو ناوچەیە چالاکیی تەبلیغییان لە شوێنی سەیرانگا و سەردانی خەڵک کردووە.

بەشێك لەو درووشمانەی کە نووسراون بریتین لە: «بژی حدکا، بژی پێشمەرگەکانی شار و شاخ، سەرکەوتوو بێ ڕاسان، مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی پەت و سێدارە، بڕووخێ ڕێژیمی ئاخوندی».

بەمەبەستی پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی حیزبی دێموکراتیش پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان جەولەیەکی سیاسییان بەڕێوە برد

لە بۆکان پێشمەرگەکانی شار لە جەولەیەکی سیاسیدا لە کوێستانەکانی «تەختە هەواری گورگە» چالاکییەکی سیاسییان ئەنجام دا.

لەو چالاکییەدا پێشمەرگەکانی شار بە نووسینی دروشم، کێشانەوەی ئاڵای کوردستان و ڕێبەرانی شەهید و سەردانی گڵکۆی شەهیدان؛ پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

پێشمەرگەکانی شار لە سەر گڵکۆی شەهید «ساڵح ئاغابەیگزاد» و چەندین شەهیدی دیکە کۆ بوونەوە.

ئەو شوێنەی ئە چالاکیی تێدا بەڕێوەچووە شوێنێکی سیاحەتییە و خەڵک بۆ گەشت و سەیران سەردانی ئەو شوێنە دەکەن

کوێستانی «تەختە هەواری گورگە» هەڵکەوتوو لە نزیک ئاوایی گورگەیە کە ناوچەی گەورکایەتییە.

کاتی خۆی ئەو شوێنە مەڵبەندی حیزب بووە و جێگای حەسانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە.

# دیداری دیرۆک




## بەشی یەکەم

خوێنەرانی ئازیزی کوردستان، هەر وەک ئاگادارن ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی میرزا «حوسێن شەریفی»، باوکی شەهید «ڕامین شەریفی» و کەسایەتی گەلدۆست و حیزبدۆست، لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد. پاش ئەم خەسارە، وتووێژێکی تایبەتی تیشک تی‌ڤی لەگەڵ ناوبراو کە چەند ساڵ پێش ئەنجام درابوو لە ژێر ناوی «دیداری دیرۆک» بڵاو کرایەوە. بەهۆی گرینگی و پڕنێوەرۆکبوونی قسە و ئاخاوتنەکانی ناوبراو، بە پێویستمان زانی کە دەقی تەواوی پەیڤەکانی ناوبراو تۆمار بکەین و بیخەینە بەرچاو و دیدی ئێوەی ئازیز. وێڕای پاراستنی نێوەڕۆکی لێدوانەکانی بەڕێزیان لەباری ڕێزمانییەوە دەسکاری کراوە. ئەم لێدوانانە لە دوو بەشدا بڵاو دەکرێتەوە کە لێرەدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەمی ئەم دیدارە ڕادەکێشین:

من ناوم حوسێنە؛ لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە گوندی مەڕانی عولیا یان مەڕانی گەورە هاتوومەتە دنیا، ڕۆژی لەدایکبوونم، ١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣١٥ بووە.

لە بنەماڵەیەکی ئایینی پەروەردە بووم، تۆزێک دەرسی عەرەبیم خوێندووە هەروەک مامۆستا هەژار فەرمووی لە هەر نەوعێک لە قوتابخانەکان دەرس بخوێنین، ئەشەدوبیلا بە هیچیش نەگەیشتم لەو بوارەدا، من ٣ ساڵم بووە دایکم کۆچی دوایی کردووە، سیمای دایکی خۆم نەبینیوە، نازانم شکڵ و شەمایلی دایکم چلۆنە، لە ١٠ ساڵیشدا باوکم کۆچی دوایی کردووە و ئەم دوو نێعمەتە گەورە لە من وەرگیراوەتەوە.

ماوەیەک لە خزمەت مامەیێکم دەرسم ئەخوێند، دەرسی تەلەبەیی و قەرار بوو ببم بە مەلا، تا ١٥ ساڵەیی من دەرسم خوێند و ناوەناوە کاری کشتوکاڵمان ئەکرد بۆخۆمان، پاییز و زستان کە دەسبەتاڵ بووین، تۆزقاڵێک دەرسم ئەخوێند، تا ڕادەیەک گەیشتمە ئەو قۆناغەی ڕقم لە پیشەی مەلایی هەستا و ئیتر تەرکی خوێندنم کرد.

لە ساڵی ١٣٣٥دا چووم بۆ سەربازی، سەربازیم لە سنە دەستپێکرد و ٢ ساڵ سەربازیم لە سنە کۆتایی پێهێنا، گەڕامەوە بۆ گوندەکەی خۆمان و دواتریش لە شاری تیکاب لەلای کابرایەکی تورک ٤٥ ڕۆژ شاگرد خەیاتیم کرد، ئێستعدادم تۆزێ لە سەرەوە بوو، ڕێک نەکەوتین لەسەر شێوەی ئیش و کارەکەمان و منیان دەرکرد؛ وتیان تۆ قسەی زلەزلە زۆر ئەکەی لەم بوارەدا، ئەگەر خەیاتی، بۆ لای ئێمە بۆچی هاتووی؟ ئەگەریش خەیات نیت، دەبێ بڕیارەکانی ئێمە جێبەجێ بکەی. من هاتم بووم بە خەیات و تا حدوودێک ئیش و کار و ژیانم درێژە دا.

ئەگەر باسەکەمان زۆر درێژە نەکێشێت پێم خۆشە ئاماژە بەو ساتەوەختە بکەم کە من هان درام بەرەو ئەم ڕێبازە هەنگاو هەڵگرم؛ نوختەوەرچەرخانێک کە ڕۆشنگەریی بە من بەخشی، ئەو بڕیارە بوو کە بچم بۆ سەربازی و لەم موحیتە وشکە بێمە دەشتەوە، کە لە گوندێکدا هیچ کوێم نەدیبوو، لە دونیای دەوروبەری خۆم بێئاگا بووم، پێمخۆشە بچم ئەو عالەمە تازە کە دەورانی پادگانی و سەربازییە و نێو جەماعەتێکی نامۆ، ئەمانە ببینم، ڕەنگە بتوانم گۆڕانێک لە خۆما پێک بێنم، کە چوومە سەربازی من خوێندەوارێم زۆر کەم بوو، بەڵام خۆش خەت بووم، بووم بە مونشی و دواجاریش گروهان و گوردان و فەرماندە و تا مونشیگەریی فەرماندەیی لەشکریش چوومە پێشێ.

گەڕانەوەی من، ئوستادی من، پێزانینی من و ڕێگەپەیداکردنی من لە سەرەتای ئەمەوە بوو کە ئێستە باسی ئەکەم: ڕۆژێک من کاری دەفتەریم تەواو ببوو بەربەیانییەک کاتژمێر دەوروبەری ١٠ بوو، بەیانی بێتاقەت ببووم تەمرینی خەتم ئەکرد. پەیامێک بە مێشکی من درا لەو پادگانەدا؛ بیرم ئەکردەوە و لەگەڵ شێعرەکانی مامۆستا قانع خەریک بووم، ئەمە بووە پرسیارێک بۆ من، پادگانی سنە خاکی کوردەوارییە، ئاوییەر حاکمییەت ئەکا بە سەریەوە ئەو هەموو بێگانە، ئەم هەموو چەکمە نامۆوە چی ئەکەن لێرە؟ بۆ کەسێکی خۆمان لێرە نییە؟ ئەمە بووە دنەی فکرکردنەوەی من، پزیسکێک لە مێشکی مندا ڕۆشن بوو، وەک خورە کەوتە گیانم، هەر خەریک نووسین بووم، بیرم ئەکردەوە لەو بەحرە چکۆلەی فکری خۆمدا، هەر لێم ئەکۆڵییەوە، بۆ وایە؟ کارەسات ئەبێ بۆ ئاوا بێ؟ خەریکبووم لە شێعرەکان مامۆستا قانع دەمنووسی، دەردەکان ئەوم هەڵئەگێڕایەوە، ئەونە سەرقاڵ بووم لەو باسەی خۆمدا و لە دەروونی خۆمدا غەرق ببووم، دەمنووسی و نەمدەزانی کەسێک شاهدی ڕەفتارەکەی منە، تا خەیلێ زەمان تێپەڕی، نازانم چەنێ، دیم هەوای پشتسەر من کە سەندەڵیەک دانرابوو کەم بووەتەوە، ئێحساسم کرد کە شتێک ها لە پشت سەر مندا، لام کردەوە فەرماندەیەکمان بوو بەناوی «سەرگورد نیازمەند»، پیاوێکی چاک بوو، فەرماندەیەکی ئەرتەشیی وشک بوو، زۆر ترسام لەو ڕەفتارەی خۆم، لە ترسا کاغەزەکەم بە دەس چەپم لەسەر مێزەکە هەڵگرت و قەڵەمەکەم دانا و هەڵسام حورمەتێکی سەربازیم لە بەردەمیا جێبەجێ کرد بۆی و بە فارسی تێی خوڕیم تۆزێ بە زشتی «چیکار میکنی برای چی اینکارارو میکنی؟»، من نەمەزانی وتم جەناب سەرگورد بێتاقەت بووم، ئەی چیبکەم، وەختەکەمم پڕ ئەکردەوە، نەکوو ئەم ئەزانێ من چیم کردە و چی ئەنووسم، ئەترسام، ڕەنگم سپی ببوویەوە. بە زاراوەی سنەیی فەرمووی: «بۆ ئەترسی مەگەر چ بووگە بۆ ڕاس نایژی»، وتم جەناب سەرگورد ئەگەر قەرار بێ سزام نەدەی باس و حەقێقەتەکەت عەرز ئەکەم، فەرمووی: «مەگەر چ بووگە بێژە»، وتم جەناب سەرگورد پرسیارێکی ئاوا لە مێشکم کرا، کە ئەم هەمووە نامۆوە لێرە چی ئەکەن، مەگەر ئێمە چکارەین لەم وڵاتەدا، فەرمووی: «نەتبیستووە ئاخر بێگانە خاوەنماڵە؟»، ئەو شتە من ئەوەڵبار لەو سەرگوردە بیستم، بە هەناسەساردییەوە فەرمووی: «نەتبیستووە کە بێگانە خاوەن ماڵە؟»، وتم وەڵا خۆ من کەوتوومەسە ناو ئەو بەحرەوە، فەرمووی: «حسێن ئەو ڕۆشناییە نەکوژێنیتەوە بڕۆ هەر پەرەی پێ بدە و بڕۆ»، ئەمە بووە بنیاتی بیرکردنەوەی من کە بگەڕێمەوە بەرەو گەلەکەم،جا لەوێوە من هێواش هێواش وەخەبەر هاتمەوە، ئینجا کارەساتی تێکدانی کۆماری ساواکەی مەهابادم وەبیر هاتەوە. ئەم ڕووداوانە دەسیان دا بە دەس یەک هەتا ساڵی ١٣٥٧.

پێش لەوە من فیکرەتەن هەر ئاوا بووم، بە سەرنجدان بەوەیکە باوکیشم هەر کورد بوو. سەردەمی ڕەزاخان، بڕیاری جلی «متحدالشکل» ئەدا لە ئێراندا، لە بەشی دیواندەرە لە کوردستاندا جەماعەتێک زۆر لە عولەمای ئەو کات خۆیان بە مەوجبی «اطعواللە و اطعورسول الأمرمنکم»، ئەم فتوایەیان بە موباح ئەزانی لەلایەن ڕەزاخانی میرپەنجەوە، باوکی من تەنیا خۆی لە مەڕانەکەی خۆمانەوە ئەڵێ بە مەوجیب ئەم ئایەوە، دیقەت لە مانای ئاخری ئایەکە ناکەن، خوا ئەڵێ ئیتاعەت لە خوا و پەیغەمەری خوا و ئۆلۆلئەمرێک لە خۆیان بکەن، ڕەزاخان چی لە ئێمەیە، بابایەکی دیکتاتۆری شیعە مەزهەب! فەرمانی ڕەزاخان بەڕێوەبردن بەپێچەوانەی ئەمری خودایە، تەمەڕودی عیبادەتی خودایە، لەسەر ئەمە کێشە و دەردیسەرییەک بوو، سنە بیبەن و ساواک بیبەن و زۆر چەرمەسەریی بۆ دروس بوو، هەمیشە پێی دەوتم، لە نێو ئەولادەکانیشیا، بەرحەسبی ئیتفاق، منی خۆش ویستووە، کاتێ لەدایک بوومە بۆ من ئەم وشە بەکار براوە، باوکم خەتات بووە،بۆ من نووسیویەتی بە فارسی «تولد فرزند ارجمندم حسین»، ئێسە بە خاتر ڕۆژە موبارەکەکەی نەورۆز بووە من ئەرجومەند هاتوومەتە بەرچاوی یا شتیکی بینیوە کە بە عالەم خۆی ڕەبتی هەیە، من نازانم من ماوەی ١٠ ساڵێک عومرم کە لە خزمەتیا مامەوە زۆر دەرسم لەو باوکە وەرگرت و دەرسێک کە پێم ئێژێ مل دانەنوێنم بۆ زاڵم و ستەمکار، هەمیشە حامی و یارمەتیدەر لە حەدی تەوانی خۆم بۆ کەسانێک کە لە خۆم خوارترە، ئەم شتانە هەر وەکوو گوارەیەک لە گوێما ماوەتەوە، تا هەیشم هەر بەڕێوەی ئەبەم، ئەم ڕێنوێنی و ئیرشادی بنەماڵەییە بووە هۆی ئەوەی فکرە سەرەتاییەکەی ساڵی ١٣٣٦ لە مندا بەهێزتر بێ و ریشە دابکوتێت، تا ساڵی ٥٧. کاتێک بە قەولی شا ئینقلابی سپی ڕووی دا ، ئیسلاحاتی عەرزی هاتە گۆڕێ و موڵکەکان لە نێوان ڕەعیەتدا دابەش کران و لە بەرانبەر پووڵێکدا درا بە خەڵک. بەڵام دەوڵەت بۆ مالکەکان هەندێک بە نیسبەت خۆیان زەموی و مووچەی جیاوازی بۆیان دائەنا کە کشتوکاڵی لەسەری بکەن بۆ خۆیان. مالکەکەی ئێمەیش شەخسێک بوو بە ناو «فەتحەلی ئەفشار»، ئازەربایەجانی و شێعە بوو، بەڵام بەگشتی وەک مالکەکانی تر نەبوو، ئینسانێکی موئەدەب بوو، ئینسانێک نەبوو ئازارمان بدا، بەڵام دامودەزگا تەبیعییە بوویان، موستەسناتێک زۆری بوو، ٧ ئاوایی دەوروبەری مەڕانی ئێمە، بێ ئەوەی ئێمە خەبەرمان بێت، ئاغای «ئەولحەمێ ئەمیرحەسەنی» و « یەحیای ئەمینی»، برازا و مەمۆیەک بوون گەڵباخی لە کەسنەزان بەشی دیواندەرە، زاڵم بوو، ستەمکار بوو، بێ ئەدەب بوو، ئەمانە هاتوون لەو هەلە کەڵکیان وەرگرتبوو و ئەو موڵک و موستەسنییاتەی ئاغای ئەفشارییان سەندەوە، هی بەش ٧ ئاوایی بۆ ئەوە بیرن، ئەو نیشە کە لەوەوپێش نەیانتوانی بیوەشێنن لەو خەڵکە، بێن لەم هەلە کەڵک وەرگرن و ئاغایی بکەن بە سەر ئەم جەماعەتەدا. دۆستێکمان بوو بە ناو «میرزا ئەولحەمێ کەریمی»، باوکی نوێنەری هەر ئەو ئاغای ئەفشارە بوو، ئەمە بە لایێک پێی ناخۆش بوو ئەوان بێنە ئەم ناوچە و ئاغایی کەن بە سەر ئێمەدا، خەڵکەکەی هان دا و خەڵک لێی ڕاسان و یارمەتییان دا، ئێمە بچین لە ئاغای ئەفشار خۆمان ئەم زەوییانە بکڕین. یەکێ دوو مانگی کێشا بەم جەرەیانە، گوایە لە سنە هەڕەشەیان کردووە، ئەو کێشایە کنار و خەڵکی بێ ساحب داخستەوە.

ئەمن زۆر خۆشحاڵ بووم، من شوغڵم خەیاتی بوو، لەو واقعا خەڵک تەکلیفیان لە من کرد، ئەم حەرەکە لەمەو بەدوا ئەبێ تۆ بەڕێوەی بەری منیش گردمە ئەستۆ، بەڵام بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەو سەردەمە ئمکانات نەبوو، ئەنیا حەرەکەتێک بوو ئەتوانم بێژم، لە دەورانی خۆیا نە بێژم کەمنەزیر، بێنەزیر بوو.

ئەمانە ئەهاتن زەوییەکان داگیر کەن ئێمە ئیجازەمان نەئەدا، بە زۆر ئەگینا قانوونەن هیچ مافێکمان بەسەریەوە نەبوو، ئەونە مەزڵوومییەتمان چەشتبوو وەک ئەسیرەکان کە ئازاد ئەبن، بەردەکان ئازاد ئەبن، حاڵەتێک ئازادی بە سەرمان هات و تۆزقاڵێک ئازادمەنشانە جەماعەتێکمان بیرمان ئەکردەوە، ئێمە بەرگریمان ئەکرد لە هێرشی ئەمانە تا لە کۆتاییدا مەئموورینی ژاندارمری، ئوستاندار و فەرماندارى ئەو کات و ئەمانە هەموو حەمایەتیان کرد لەم دەسەڵاتدارانە، بەڵام ئێمە هەر نەمانخەواندبوو بۆیان، هەر ڕاست قامەت وێساین لە بەرامبەریاندا، هێزی ژاندارمێری ئەهاتن، تەواو ناوچەی گەڵواخی بە دەوروبەرییەوە، لاشخۆر هەمیشە زۆر بوو لەو سەردەمەدا، وەخت وابوو ١٠٠٠ نەفەر ١٥٠٠ نەفەر ٧٠٠ نەفەر، لەشکریان ئەهێنا بۆ سەر مەڕان و ئەو دێهاتە کە بە زۆر ئەم عەرزانە وەر بگرنەوە لێمان.

هەمیشە خەبەرچینمان بوو کە بزانین دێن، کەی دێن، لە چ ڕێگەیەکەوە تێن. کە هەواڵ ئەگەیشتە مەڕان ئێمە بانگمان ئەکرد بە ئاواییدا هەر داربەدەست بوو لە ئاوایییەوە بۆی دەرئەچوو، ئەهاتن ڕێگەکەیان لێ ئەگرت، هەموو جارێک ئەبوو بە شەڕ، حەتا ئینسانێک تەقەیان لێ ئەکرد، ڕیخۆڵەی ئەپچڕا ٧ میتر ڕیخۆڵەیان دەرئەهێنا، ئێمە ٤ ساڵ ئیدامەی ئەم کارەمان دا، نەمانهێڵا ئەمانە بێنەوە، تا ئەوە کۆتاییەکانی پاییزی ١٣٤٤، ئەمانە داوای «خەلع یەد»یان کرد و کە دەس ئێمە لەم مولکانا چون تەسەڕوف عودوانیمان کردوو لەم موڵکانە دەرپەڕین.

ئەفسەرێک بەناو «سەروان سەمەندەریان»، بەڕێوەبەری ئەو «خەلع یەد»ە بوو، ژاندارمێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، تانکی نەفەربەری هێنابوو، بێسیمی هێنابوو، چوون لە دێیەکدا بە ناو «کەڵەکەجاڕ»، خەلع یەدەکە بەڕێوە بەرن.

خەڵک مەڕان کە خەبەرمان زانی هێرشمان کردە سەر «کەڵەکەجاڕ»، ١١ کیلۆمیتر فاسڵەمان بوو لە یەکەوە. دەور ئاوایی کەڵەکەجاڕمان تەنییەوە، چوار دەور دێیەکە کە ئەمانە نەیانتوانی دەربچن، هەر هات و هەر ئاڵقەی موحاسرەکە چکۆلە و چکۆلەو چکۆلەتر بوو تا هاتین دەور ئەو ماڵمانە گرت کە تیایا خۆیان حەشار دابوو.

هەر ژاندارمێک لە ناو کۆشکەڵانێکەوە بوو بە خۆی و «ئێم یەک»ـەکەیەوە، لە ناو هەمارە ڕووخاوێکەوە لێیان ئەنەوی و ئەیانهێنا دەشتەوە، جا بیکوژە و لێیان ئەدا زۆر بە سەختی تا دەسیان بە تیرەنازی هەوایی کرد، کەسێک بریندار بوو لەویا، دەستیان گەیی بە فەرماندەکەیان ئەونەیان لێ دابوو ئەو بێچارە، شەیتان ڕەجم ئەکەن ئێستا لە عەرەبستانا، بەردیان ئەیا بەسەر بەردەکانا، ئەونە بەردی بەرئەکەوت ئەیدا بە مل بەردەکان لە سەر لاشەکەی، لە نووک پایەوە و قامکەکانی بانپێچی کرابوو تا تەوق سەری، ئەمەیان بردەوە ئێمە نەماندا بە دەستەوە، هاتن لە ئاواییەکەی ئێمە پایەگایەکیان دانا، شەو منیان مورەخەس نەکرد، ئەترسیان من خەڵکیان لێ هان بدەم و بێن و دوبارە دەوریان بگرنەوە، من دەرەقەتیان ناهاتم لە لای خۆیان دامیان ئەنا، بەردەوام لە سنەوە تەماس ئەگیرا، ئەلۆ مەڕان، ئەلۆ مەڕان، ئەگەر نیاز بە هێزی یارمەتیدەر هەیە تا بنێرین بۆتان، جوابەکە ئەدراوە بە هەر جۆریک. بەو حەرەکەتە ئێمە ئەو موڵکانەمان نەدا بە دەستەوە، هەڵبەت داستانەکە زۆر دوورودرێژە.

کە کاتێک لەشکر ئەمانە ئەهاتن، بەهار بوو هەڕگ و قوڕ بوو هەوای ناخۆش بوو، ٣٠٠ جووت کەوش ئەوانە لە نێو قوڕا جێ ئەما و بە پای پەتی ئەیانمانناردەوە دواوە، حەرەکەتێکی یەکجار لەبار بوو، ئێمە نەماندا بەدەستەوە تا ئەوە «سەرهەنگ کشاوەرزی» کە سەرۆکی ساواکی سنە بوو، من لە سەربازییا هاتبوومەوە گوزارشیان دابوو کە کەسێکی ئاوا هەم سەوادی هەیە

درێژە لە لاپەڕەی ٥

درێژەی لاپەڕەی ٤

هەم مێقداریکیش خەتی خۆشە بۆ کاری زانیاری گەیاندن بەکەڵکتان دێت، منیان پێ ناساند، دوو جار بانگیان کردم بۆ ساواک سنە، پێشنیاری کاریان پێدام و منیش تەعەهودیک ١٣٣٦ لەگەڵ خۆمدا بەستبووم، هەر پێبەند بووم پێی، دوو ساڵ لە من ئیسراری کرد لە بەرابەر مووچە و پارەی زۆر کە ئیشیان بۆ بکەم لە ناوچەی خۆماندا، من هەر ڕەدم کردەوە و قبووڵم نەکرد. تا ئەم حەرەکەتە لە ناوچەکەیا ڕووی دا، ئەمجارە هات چی کرد، تەنیا تەرفەندێکی بەکارهێنا کە ئەو بتوانێت من و جەماعەتێک لە من تەبعید بکات، بمانێرێتە «گوڵپایەگان»، لەو هەلە کەڵکی وەرگرت و ئێمە تەبعید کراین چووینە «گوڵپایەگان»، چووینە ئەوێ زەمان خۆمانمان بەسەر برد و هاتینەوە زەمینیان تەحوێڵ دابوو بەو خەڵکە و ئەو خەڵکە ئێستاش لەسەری ماوەتەوە و هەر کشتوکاڵ ئەکات تا دێتە ساڵی ٥٧.

تەنها زەربەیەک کە من بینیم، بەباوەڕی خۆم، بەسەرنجدان بە هەڵکەوتی جوغرافیایی ناوچەکەمان ئەوە بوو کە هیچ ئاگاهییەک بە ئێمە نەدرابوو، هۆی دواکەوتوویی و جێماوی لە گەلەکەی من کە نەمتوانی ئەوەیکە پێویستە، ئەوە کە ئەرکی ئینسانی و میللی خۆمە پێی بگەم.

بەتەنیا فکرێک لە ناخدا بوو، کەسێک نەبوو ڕێنوێنیم بکات، کەسێک نەبوو من بە شوێنێک بناسێنێ، من شارەزای ئەوانە نەبووم چون هیچێکمان نەدەزانی تا حەرەکەتەکەی ٥٧ نەهاتە پێشەوە، هەڵبەت ئەمزانی لەم دواییانە.

کاتێک مەرحوم بارزانی فەوتی کرد، لە ئامریکاوە جەنازەکەی گەیشتە تاران، من هەر حس مللیم پێ بوو، زۆریش قەوی، لە تاران جەنازەکەیان بەڕێ کرد بەرەو ورمێ، من لە دێی خۆمانەوە تا سەر ڕێگەی «سەقز-سنە» حدوود ٣٨-٣٠ کیلۆمێتر پیادە ڕام کرد، تا گەیشتوومەتە ئەوێ لەوێ خۆم گەیاندووەتە ورمێ، تا گەیشتوومەتە جەنازەکەی بارزانی، لەگەڵیدا چووم بۆ ناشتنەکەی و تا ناشتیان لە خزمەتیدا بووم.

من بێخەبەر بووم لەو عالەمە، لەم دونیایە کە ئەمڕۆ ئەیبینم بێخەبەر بووم بەداخەوە، نەبووم لە جەریانێکی سیاسی سەربەخۆدا، کەسێک نەبوو ڕێنوێنیم بکا، ئەوە هۆی ئەوە بوو کە منیش دوا بکەوم.

ئەگەر ئێمە بەراوردێک بکەین لەنێوان شوێنی ژیانی خۆمان لەگەڵ «سەرشیو»، ئاسمان تا زەوی فەرقی بوو، ئەوان زۆر لە پێش ئێمەوە بوون، چونکە هەڵکەوتی جوغرافیایی ئەوان، لەگەڵ کوردستانی عێراقدا هاوسنوور بوون و هاتوچۆیان بوو، پێشمەرگەی زۆری لێ بوو، ئەو ساڵانەی ٤٤ و پێش ئەوانە ئەو خەبەرگەلە لە وڵاتی ئێمە نەبوو، بەداخەوە ئێمە لەو کارەساتگەلە بێخەبەر بووین.

بەشبەحاڵی خۆم پێم وایە ئینسان ئەبێ پێ لە گوناح و سووچ و تاوانی خۆی بنێ، ئەگەر پێی لێ نەنێ ئەوە بێشەهامەتییە، ئەو ناوچەی ئێمە جەماعەتێکی زۆر ساردی تیایە؛ ئەڵەی ئەسڵەن میللەتی خۆیان بیر چووەتەوە، زۆربەی هەرەزۆری هۆکارەکەی، هەر ئەو نەبوونی ئاگاهی و ئەو دەستی زاڵم و ستەمکارە بوو لە سەریانەوە.

لە ساڵی ٥٧دا حەرەکەتێک دەستی پێکرد و ئێستا لە سایەی قەڵەمەوە، جوانەکانمان ئەو ڕێبازیان دۆزیوەتەوە و بەچاکیش دۆزیویانەتەوە، بەڵام پێش ئەوە باوەڕ فەرموون هیچێک نەبوو، برا ئێمە ناحەقیشمان نییە، ١٤٠٠ ساڵە، من نۆکەری ئیسلامم، موسوڵمانم، کامەیە دەسکەوتەکەی؟ چی بە من بەخشی؟ خوا ئەڵێ من بۆیە ئێوەم لە شکڵ و شەمایلی جۆراوجۆر خوڵقاندووە، مافی یەکتر بناسن، دەی لالۆ ئیسلام کەی ئەمناسی تۆ؟ بۆ هەر پاشێلم ئەکەی؟ بەدبەختی منێک ئەونە لە خۆم بێخەبەر بم نۆکەریی بێ مزد و منەت دەکەم، کەسێکیش ڕێزێکم بۆ دانانێت، ئەڵێ تۆ مافت نییە، من لە ٣ وڵات زوڵمم لێ ئەچێت، میللەتەکەی من، موسڵمانن و ئیدعای موسڵمانەتی دەکەن، ئاخر نۆکەر ئەبێ کەمێک قەدریشی بگرێت ئەنیا دواسال نۆکەریت ناکات، منی نۆکەر بە نان و داسی خۆمەوە نۆکەریت ئەکەم و هیچ قەدر و عافییەتێکیشم لەلای نییە، ئەمە بوو بە تەبلیغات.

ئێمە چەن عامڵ بوونە هۆی ئەوە کە فکرەکانمان بگەشێتەوە؛ هیچکاتێک ئێمە بە خۆمان نەگەین، خۆمان نەدۆزییەوە، من ئەمبیست لە مەلاکان، من پێم سەخت بوو عەرەبی، «رأس: سەرە – عەین: چاوە – بەدەن: قالْب – اسم: ناوە»، ئەمووت ئەمە بۆچی ئەڵێن بە من، من بۆچیمە عەرەبی؟ ئەچم بۆ ناو عەرەب؟ بۆچی ئەبێ عەرەبی بزانم منی مناڵ؟ بۆ بە کوردی دەرسم پێ ناڵێن؟ کەچی ئەیانوت: «چەنێ فزوولە ئەمە، دەرسی کوردی حەرامە چون ئۆلۆلئەمرەکەی ئێمە فارسە»، ئەمەم بیستووە نەقل قەوڵ ناکەم لە هیچ کەس، دەی برا چاوەڕوانی ئەکەن من بگەمە کوێ، من ئاوا بار هاتووم، هێشتا جێی شوکری باقییە.

گەرەکمە ئەو مەرحەلەیە بەجێ بێڵم، بێمە حەرەکەتێکی تر. کاتێ کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەو عەزەمەتەوە شکست ئەخوات، ئاوای بەسەر هات، لە یەک بنیامم نەبیست هەناسەیەکی ناڕاحەت هەڵکێشێ، نەمبیست، نەمبینی، چیبوو؟ فریوی خواردبوو. ئەمانە کافرن، ئیسلام مەرز ناناسێ، نە گوێی لە ڕەشە نە گوێی لە سپییە، هەمووی برایەتییە، «انماالمؤمنون الاخوان»، دەی کاکە برایەتی ئەگەر ئاوایە من وتۆی برای باوک و دایکێکیش لە مەکتەبێکدا بار هاتووین، بۆچی ئەم برا ئاوایە؟ بۆ ئێمە دواخراوین؟ سێ چوار کەس مەلا، شێخ، خان، ئەم عامیلە دەسیان ئەدا دەس یەکەو ئێمە هەر بمێنینەوە نۆکەرایەتی بکەین، عاملی دواکەوتنەکانی ئێمە ئەمە بوو، خەڵکەکەی ئێمەش ئەم خەڵکە نەبوو ئاگاهی هەبێ، نە ئاگاهی هەبوو، نە ڕۆژنامەی هەبوو، نە خەڵکەکە سەوادی هەبوو. لەواقعدا ئێمەش لە عالەمی بێخەبەرییا هەروا ماینەوە و هەر ئەو حەرەکەتەی مەرحووم قازی، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە مەهاباد، هەر ئەوە بوو، خۆشەویستی لە دەروون مندا، گرایشی من تەنیا لەو ڕێگەیەوە لەو جەهەتەوە بوو کە حیزبی دێموکرات زادەی بیری ئەو مەکتەبەیە، هەر تەقەدوسی بوو بەلای منەوە، بیستنی ناوەکەی لە گوێما، هیچ تەزاهورێکیش نییە لە قسەما، حاڵەتی تەقەدوسی هەبوو، دێموکرات وەکوو ئیسمەکانی دیکە نەبوو؛ چونکە دامەزرێنەر و ڕێبەرەکەی لەو خەڵکەیە، لەو میللەتەیە.

دێموکرات لەو سەردەمەدا هاتوچۆیان هەبوو، هەرچەند لەو سەردەمەدا ئینسانی ناشارەزای زۆری لێ بوو، هەڵە و ئیشتبای زۆری تیا ئەکرا، ئەم شتانە لەو ئاواییەی ئێمە جەماعەتێکی زۆر تەرەفداری حیزبی دێموکرات بووین، جەماعەتێکی دیکەش باڵەکانی دیکە بوون، هەمیشە تەزاد فکریمان بووە بە یەکەوە.

من ئەمە بۆچوونم بوو، ئەمووت کوڕینە، ئەمانە هەردووباڵ یا هەر دوو سێ باڵەکە هەر کوردن مونتەها کورد فەرقی هەیە ڕێباز و حەرەکەت و ئایەندەی ئەو خەتانە فەرقی هەیە. منێکی کوردێکی موسوڵمانی موتعەسبی ١٤٠٠ ساڵە، لەسەر ئایینێک ژیاوم، حکوومەتی کارگەری چ ئیش و کارێکی بۆ من کردووە؟

گەورەیی حیزب بناغەکەی لە مەهابادەوە، دەست پێ ئەکات، لە دەورەی مەرحووم قازییەوە، ئا لەوەها حاڵەتێکەوە گەورەیی پەیا ئەکات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئوستادەکەی قازی بووە، پاش ئەوە شەخسییەتێکی گەورە وەک کاک دوکتور ڕەهبەری بووە، کاتێک دێت و لە زاوییەی فکری خەڵکەوە، دوکتور قاسملوو موقایسە ئەکەین ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێ.

هەزار و سێسەد و چەند بوو لە خاترم ئەماوە من ماوەیێک ئەندامی ئەنجومەنی خۆشنویسانی سەقز بووم، هەیئەتێکی هونەردۆست، هونەرمەندەکانی تاران وەکوو «ئوستاد ئەمیرخانی»، «ئوستاد کابۆیی»، «ئوستاد فەلسەفی»، لەناو ئەوانیشدا «دوکتور ئیلاهی قومشەیی» دەعوەت کرابوو بۆ ناو ئەنجومەنی هونەری خۆشنویسانی سەقز.

ئەمانە بە فڕۆکە هاتنە فڕۆکەخانەی ورمێ، ئێمەش چووین بۆ بەرەوپیریان لە ورمێ. دوای ماوەیێک حەسانەوە لە ساڵۆنی فڕۆکەخانەکە، «دوکتور ئیلاهیی قومشەیی»، ئینسانێکی مەزهەبییە بەڵام زۆر ئاگاهە، لە تەعەسوبات بە دوورە تا ڕادەیەک، بە فارسی وتی: «بچەها تعریف طبیعت بکر کردستان رو شنیدم از دور، اما از نزدیک ندیدم، دوست دارم از منطقەی خوش آب و هوایی بە سقز هدایتم کنید و بە سقز ببرید». بڕیارمان دا کە لە «گەلیی قاسملوو»ەو هێنامان.

کە ئەو عالەمیە دی و ئەو وەزعییەتەی چاو پێکەوت پرسی ئێرە کوێیە وتمان ئێرە گەلیی قاسملووە، بەناوبانگە، ئێمە نەمانەزانی بەو دنیای ئەوە، وتی: «قاسملوی خودمونو میگید؟ کدوم قاسملو؟»، وتمان دوکتور قاسملوو، وتی ماشینەکە ڕابگرن، ماشینەکەیان ڕاگرت و وتی: «مگر شما هم دکترو میشناسید؟»، وتمان: «چطور رهبر ماست»، وتی: «نە میدانم، اما مثل من دکترو نمیشناختید، میشناختید نە مثل من». زۆر بەداخەوە بوو، هەواڵ ئێوەمانانی پرسی وتی: «بچەهاش کجان؟ نیستن این دوروورا ببینمشون؟»، وتمان: «نە متأسفانە»، بەحسێکی یەکجار موفەسەڵی لەسەر دوکتور کرد، فەرمووی: «تورە بە خدا قسمتون میدم، قدر این بچەهارو بگیرید، اینا بە درد شما میخورند در آیندە، شما آخر چە دارید؟ چە داشتید؟ چە دارید الان؟ اینارو نگە دارید، اینا بچەهای دکترن، نگهشون دارید».

کە کاتێک من وەسفێکی ئاوا ئەبینم ڕەوڕەوەکەی من ئەو دوکتورە بەرجەستەیە ڕێبەرایەتیی ئەکا، ناتوانم لەگەڵ کەسێکیتر موقایسەی کەم، ڕقم لە کەسیتر نییە، کەس بە غەڵەت نازانم، بۆ بیروڕای خەڵک حورمەت قائیلم، بەڵام ناتوانم ئیمتیازی کەس بەم بەسەر ئەم ڕێبازە کە ئەم پیاوە هەڵیبژاردووە.

من وەختێ لەم مەکتەبەدا دەرسم خوێندووە، وەکوو ماموستا هەژار فەرموویەتی تکراری ئەکەمەوە «ئەشەدوبیلا هیچی لێ حاڵی نەبووم»، برام من تەنیا ئێحساسێک پاکم هەیە، سادقم لە بیروڕاکەی خۆما، نە شاعرم نە ئەهل شعوورم، شاعر مەگەر لە شعوورەو نەگیراوە؟ شعوورم نییە تا بتوانم شاعر بم، بەگشتی هونەردۆستم، من ئەهلی قەڵەمم من ئەهلی قەڵەمم خۆش ئەوێ، من ڕێزیان بۆ دائەنم، شتیەلێکی سەروگوێلاک شکاوم هەیە، بەڵام لەوە ناچێ بۆ ئەوە ببێ کە بەحسی لێوە بکەم، ئێستە بوومەتە کاورایەکی بێڵ وە شان، جوتیارێکی بیاوانی، تەنیا ئێحساسێکی پاکم هەیە، ئەسەرێکی وام بوێ بۆ دواڕۆژ نیمە، مەگەر ئەم بەسەرهات و خاتراتانە کە ئەگەر بە جوزئییاتەوە بیگێڕمەوە، لەوانەیە بۆ کتێبێک خراپ نەبێ. من تەنیا شانازی بە لای خۆمەوە ئەمەیە کە کەس دەسی نەگرتم، خۆم پێگەیشتم، خۆم تێگەیشتم، لە بینشم چاک تێگەیشتومە، هەڵەم نەکردووە لە بۆچوون و تێگەیشتنەکەمدا، من تەنگ و چەڵەمەی زۆرم بینیوە لە ژیانمدا، ١٣٤٦ تەبعید کریامە «گوڵپایەگان»، مەعموولەن موبارزەی خۆبەکوشتدان لەسەر مافی خەڵک، ئیدعای بوونی مافی خەڵک بکەی، تەبێعییە تەنگ و چەڵەمە بێنێتە سەر ڕێگات.

من دەورانێکی تاڵم گوزەراند، زیندان ناخۆشە، دوورخستنەوە لە وڵاتەکەت ناخۆشە، تەبعید بووم لە گوڵپایەگان بێحەد ناخۆش بوو، بەڵام من ئاوا موقایسەی ئەکەم، تاڵی ئەو دەورەیە وەکوو میوە وایە، میوە لە ئەوەڵەوە زۆر ناخۆشە تا نەگا، وایە؟ وازانم ئەم تاڵییە لەگەڵمانا هەر بە تاڵی ئەمێنێتەوە، زەمانە زۆر تیپەڕ ناکا بەسەر ئەم تاڵییەدا، ئەگات و شیرین ئەبێت خود بە خود، مەزەکەی دواڕۆژ ئەیداتەوە بە خۆت، ئەو تەبعیدە کە کراین زۆرزۆر ناخۆش بوو و ئێستا سەمەرەکەی ئەبینین بێحەد خۆش بووە.

٥١-٥٠ لە زیندانەکانی سەقز بەسەرم برد، فرە ناخۆشە زیندان، کەچی ئێستا خۆشە، چون موعامڵەی چاکو کردووە، لەسەر مافی خەڵک بووە، جەفا و مەرارەتت بۆ مافی خەڵک چێشتووە، بۆخۆت نەتویستووە، ئەم شتانە، زەمان ئەیگەیەنێ و خۆش ئەبێت، شیرین ئەبێت.

من بڵێم لەسەر مەسەلەی سیاسی زیندان کراوم، نە. بەڵام لە ڕابردوودا ژاندارمی شا ئەهاتنە گوندەکان. خەڵکیش بێسەواد بوون، زۆربەی جار ئەگەر سوورەت جەلەسەیێ، شتێکیان پێویست بوایە ئەبوا من بمنووسیبایێ بۆیان، چون خۆیان سەوادیان نەبوو، ئەمانە بێ ئینساف بوون. بۆنموونە من و جەنابت موشکڵی برایەتیمان بوو، ڕەزایەتمان ئەدا، ڕیش سپی دەخاڵەتی ئەکرد و ڕەزایەتمان ئەدا، داوای پووڵێکیان ئەکرد هەم من پێی بدەم کە شاکیم، تۆیش کە موتەشاکیت ئەبێ پارە بدەی، من لەسەر ئەوە موخالفەتم ئەکرد، نەمەهێشت پارەیان پێ بدەن، ئەمانە کینەی من ئەچووە دڵیانا، تا ئەو ڕادەیە منیان ئەکردە ئاژاوەگێڕ، ئەیانوت ئەمە فیتنەس لە ناوچەکا، ئاشووبگەرە لە ناوچەکا، ئەمجار بووە تەبعید و زیندان و نازانم ئەم جۆرە شتانە.

زەمان شا بەو شێوە تێپەڕم کرد، لە زەمانی کۆماری بە قەولی ئیسلامی ئێرانیشدا من خۆم شتی وام تیایا نەبینی، جگە لەوە بێبەشکران و دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی، هەڵبەت من ٢ کوڕم بوو، دانێکیان ٧ ساڵ پێشمەرگایەتی کرد، لە سەرەتاوە عەرزم کردی من هەر دێموکرات بووم، باوک و بنەماڵەکەشم دێموکرات بوون، هەر مەرحووم قازییان خۆش ویستووە، بە ڕەهبەری خۆیان ناسیوە، ئەو شتە وەکوو ژێنێتیکێک لە نێو ئێمە جێ کەوتووە، بووەسە ژێنەتیکێک لە بنەماڵەی ئێمەدا، ئێستا بنەماڵەکەی من فەردێکمان نییە دێموکرات نەبێ، کەسێکمان نییە نە نێر نە مێ، دێموکرات نەبێ، تەنانەت سەمەرەی باخانی من ٢ دانە جگەرگۆشەی چکۆلە چکۆلە ئەوانیش هەر لە مناڵییەوە دێموکراتن، دێموکرات بوون بووەتە ژێنەتیک لە بنەماڵەی ئێمەدا.

من پێم خۆش بوو ئەگەر ئیجازە بفەرموون تۆزێک لە مەورد ڕامینەوە قسە بکەم. من ئەتوانم، بڵێم بەشێک لە هاندەری من بۆ ئەم ڕێگا، خودی کوڕەکانم بوون زیاتر، ئەمە کەتمانم نەکردووە، من کوڕە گەورەکەم ١٣ ساڵی بوو بووە پێشمەرگە، «ئەمین دێموکرات» بەناوبانگ بوو لە مەنتەقەی سەرشیودا، ئەوەندە بە جورئەت بوو، ٧-٦ ساڵ پێشمەرگایەتی کرد ئەو، دەرگیرییەک بوو لە هەوشارا، پێشمەرگە شکستیان خوارد پرش و بڵاو بوونەوە، مەرحووم «سەید کامیل حەیدەری»،ئەمین ئێمە کە کوڕەگەورەکەمەو لە حاڵ حازر ها لە حاڵ حەیاتا، لەگەڵ میرزا سدیق فەڕوخیاندا بوو، ئەو شەهید ئەکرێ بە وەسیلەی بڵێم کێ کوردەکانی خۆمان، دەیسپێرێتە دەسی سەید کامیل؛ ئەڵێ ئەمە یادگاری میرزا حسێنە دایەتە من منیش ئەیبەخشمە دەست، کە جەنگی ئاغەدەرە ڕوو ئەدات، دەرگیری ئاغەدەرە، پێشمەرگە سەخت لێیان ئەقەومێت بڵاوە ئەکەن و هەر کەسێک ها لە فکر خۆێدا، ئەم و کاکە سەید کامیل ئەمێننەوە، کاک سەید کامیل ئەفەرمێت، ئەمین گیان تۆ مناڵی تۆ برۆ نەوا بتکوژن، ئەڵێ کاکە سەید کامیل خۆیشت تەشیف بێرە با بەیەکەوە هەڵێین بڕۆین، ئەڵێ نا بڕۆین ئەمانکوژن، دوای ئیسراریێ زۆر بەداخەوە، کاک سەید کامیل بەسەختی بریندار ئەبێت، ئەڵێ ئەمین برۆ من بەر ئەمانە ئەگرم ناهێڵم دەسیان بگا بە تۆ. تازە من کارم تەواوە ناتوانم بێم لەگەڵ تۆ، برۆ، ئەمین دەس ئەکاتە گیریان و مناڵێکە، ئەڵێ کاکە سەید کامیل بەجێت ناهێڵم، ئەگەر قەرارە بکوژرێین با منیش لە پەنای تۆ بم، ئەڵێ ئەمین برۆ ڕەگبارێکت پێیەوە ئەنم، برۆ، وتی هەر بەجێم نەهێڵا، ملم پێ نەدا، تا ئەوە کە تیرێک دابووی لە کەلەکەی لە پشتەوە دەرچوو، وتی ئەمین هەر ئەتوانی برۆی هەتا گەرمی برۆ، بەڵکوو دەس ئەمانە نەکەوی، وتی بە گریان مەجبوورمی کرد، جێم هێڵا، تەختەبەرد و سەنگ و ئەمانە بوو، وتی گەیشتمە سەر ئەو بەردانە کزێی دوان لە ناوشانمەوە هات، تەرکش گرتبووی، نەهایەتەن تیکەکان من خۆم دەرم هێنا لە سەقزدا، کوتی بەجێم هێڵا ئاوارە و دەربەدەر هیچ ڕەفیقێکم نەماوە منیش، مناڵ و سەردەرنەچوو برسی و تینوو، لای ئێوارەیە، تماشام کرد، دەسەیەک، مێرگەلەیەک ئەلەوەڕێ لەلاپاڵێکەوە، ئەوە دارەو دەوەنەو چەقەن و چوقەنەو، وتی زۆر برسیم بوو خوێن لە ناو کەوشەکانما ئەهاتە خوارەوە، لە ناو ئەو ئاوا ئەڕۆیشتم و هەر لەبەرەو ئاوەکە سوور ئەبوو دام لە لاپاڵەکە، هەوشارییەکان چۆن پێشمەرگەی زۆر لە ناویانا بوو، دەرگیرییان بینیبوو، دووادنە مناڵ بوون لە خۆم گەورەتر، وتی فەوری زانییان من پێشمەرگەم گورجێ هاتنە دەممەوە، وەزعەکەیان بە منەوە بینی، لیباسەکەیان گۆڕیم و کلاوێک لەم لێودارەکانیان هێنا نیایان بە سەرمەوە و وتم کوڕەکان برسیمە هیلاکم، بردمیانە لای سەرییەو لای ڕانەکە و دایان نام و زۆری پێ نەچوو ٢ دانە پاسدار هاتن، ئەمانیانە گرتە گیر و گاز پێشمەرگەیەک زەخمی هاتیە لە ناو ئەم دارانەوە ڕووە، چی لێ هاتیە، وتم ئیتر من گوێم تێوە بوو قەسەمیان ئەخوارد، وەڵا و بیلا ئێمە هەر ئەم ٣ نەفەرەین، کەسمان نەبینیوە، ئەمە دوانمان هالای ڕانەکەو دانێکیشمان ها لەو سەرەو نان ئەخوات لەو لای سێ چوار مەڕە، منیش پڕ ژێرمە لە خوێن، وتی نەهاتن بۆ لای من، لێیاندا و ڕۆیشتن، لەوێ هاتەو خۆی گەیاندە دەس من و لە سەقز تیمارم کرد و هاتەوە. ئەمانە هۆکارگەلێک بوون من بکێشن بە دوای خۆیاندا، پێم خۆشە واقعییەتەکانت بۆ بگێڕمەوە، دڵگەرمتر بووم من لەسەر ئەمە چون سەهمم تیایا بوو، تا ئەوەی شەڕ براکوژی دەسی پێکرد، ئیتر من تەحەمولم پێ نەکرا، بە زۆرەکی هێنامەوە، ڕازی ناوەڕازی، وتم من نەمهێناوە کورد کورد بکوژێ، هێناومە، کورد بە کۆمەک یەک دوژمنەکە لە بەین بەرێت، هەرچی ئیسراریان کرد، وتم نا هەر ئەیبەمەوە، تا ئەوە ڕامین دەس بەکار بوو.

ڕامین تا کلاس ٥ دەرسی خوێند و دوای ئەوە شەو هەر نەدەهاتەوە بۆ ماڵ و هەر خەریک شوعار نووسینی دار و دیوار و هەڵاتن و ئەمانە بوو؛ ماوەیەک ناردمە خەتاتی، هەر ئەیوت ئەچم ئەومە پێشمەرگە، ئەمووت ڕامین گیان پێشمەرگایەتی گاڵتەی پێ ناکرێ، پێشمەرگە ئەبێ دەوڵەمەند بێ لە بواری فکری و عیلمییەوە، ئەگنیا هەرکەسێ ئەتوانێ ببێتە پێشمەرگە، پێشمەرگە کە هیچ ئەبێتە سەرباریش، تۆ بە قەول ئەم باوکەی خۆت بکە دەسپڕ برۆ تا بتوانی خزمەتێ لە خۆت نیشان بەیت، بەهەرحاڵ فکر جوانی و عشق و عەلاقەیە و ...؛ سیکلەکەیشی بۆ نەگیرا، ئاخری خۆی پێ نەگیرا من هێنام بۆ ئەوە تەنیا نەبێ و دەرنەچووبێ لە دەس ئێمە. هاتم خۆم نامەیەکم بۆ نووسی، جوان وشەکانی خۆمم لە بیرە: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕامینی شەریفی جگەرگۆشەکەی خۆم، قۆچی قوربانیمە و ئەیبەخشم بەو گەلە»، نامەکەم دایە دەستی و خەرجیم پێداو و خستمە گیرفانی و بەدرەقەیم کرد تا مەرزەکەی بانە، ئا بەو شێوە من ڕامینم نارد بۆ ناو پێشمەرگە.

کە ڕامین هات ئەونەیترە من قوەت قەلبم زۆرتر بوو؛ بۆ یەکەمینجار کە هاتم بۆ مولاقاتی، سوجدەی شوکرم برد لە دەفتەری سیاسیدا، وتیان کاکە حسێن ئەوە چییە؟ وتم: «کەعبەتوڵای من ئائەمەیە کە یەکەمین جارە کە ڕێم لێ کەوتووە، ئەمە کەعبەی مەقسوودی من لە ئێرەیە».

زۆریان بەلاوە خۆش بوو، بەڕاستی کوڕەکانم زیاتر منیان هان دا کە ئەم ڕێبازە جوانتر بگرمە ئەستۆ و قەبووڵی بکەم و ئیحساس بەرپرسایەتی بکەم لە بەرامبەریدا و بە منەتیشیان لێ ئەزانم.

دۆستێک سنەییم بوو دێموکرات بوو؛ خەتەرێک تەهدیدی ئەکرد دەرچوو بەرەو ئورووپا، ڕۆیشت ١١ ساڵ بوو خەبەرمان لە یەکتر نەبوو لەو سەردەمەیەدا جارێکیان کاغەزێکی گەیشتە دەس من، من ماڵم لە سەقز بوو لە گەڕەکی حەمالاوا دەژیام بۆ خۆم؛ ئیدارە پۆست کاغەزێکیان بۆ هێنام، سەرەکەی ئینگلیسی نووسرابوو، فارسی تیایا بوو، کە هەڵمپچڕی نامەی ئەو برادەرەیە، لە دانمارک گیرسابوویەوە، وادیاربوو دوای چەند ساڵێک تۆزێ پووڵ و پارەو شتی دەس کەوتبوو، حس ناسیۆنالیستیی زەعیف ببوو، مردبوو تێدایا؛ لە وشەیەکی زۆر داخم هات، تەئسیری لە دەروونما دانا، ئەمەی بەکار بردبوو: «ئەگەر ئەتەوێ ژیانی بەشەرەکانت لێ حاڵی بێ وەرە بۆ ئورووپا بابزانی چلۆن ئەژین، ئەو وێرانەوبووە چییە تۆ پێوە پلکیایت و هەر ئەڵێی کوردستان کوردستان»، کوڕینە من درۆ ناڵێم، گرەمێ خاک لە کوردستانەکەم بە هەستی دونیا ناگۆڕمەوە، زۆر قورسایی کردە سەر شانم، بنیام بۆ ئەونە بێ وەفایە، بۆچی ئاوا فریو ئەخوا بە ماڵی دنیا، زۆرم بەلاوە سەیر بوو، ئاوا وڵامەکەم پێداوە: «داوات لێکردبووم بێم بۆ دانمارک، سپاست دەکەم، بەڵام ئەمەیە وڵامی من بۆ تۆ: کە حەستەمتر بێ لەمەش ژینی من تەرکی وەتەن ناکەم/ هەتا ماوم خەیاڵی لەندەن و چین و خودەن ناکەم/ وڵاتی خۆم دەوێ وەک سورمەیە خاکی لەسەر چاوم/ ڕەگاژۆیە دڵ لەم خاکەیا دڵ ڕیشەکەن ناکەم».

ئێحساسێکە ئەنا شێعر نییە، «بە ئاوی کانیاوی نیشتمانم تینوویەتیم دەشکێ/ ئەمن قەت ئاوی هەڵدێری نیاگارا پەسەند ناکەم/ ئەگەرچی هەلپەرەست بیشیرفێنێ تیکەکەی زارم/ بە نانی وشکی دەژیم ئارەزووی هەنگوێن و قەند ناکەم/ لە خانۆچکەی هەژارانا شەمی کۆڕی خەم و شادیم/ بە سەربەرزی دەسووتێنم و بە دۆلار خۆم بە پەن ناکەم».

تیرێکم لێ خاڵی کردبوو، شەمی شەو خۆتان باش ئەزانن، وەزیفەیە ئەبێ بسووتێ ئەنا نوور نابەخشێ، هەرچەند من نەگەیشتوومە ئەو مەرحەلە بەداخەوە،» لە خانۆچکەی هەژارانا شەمی کۆڕی خەم و شادیم/ بە سەربەرزی دەسووتێنم و بە دۆلار خۆم بە پەن ناکەم»، تۆزێ تانەم لێ دا، «لە ئەم خاکە ژیاندایە گەورە و باب و باپیری من/ منیش هەر وەک ئەوان لێرە دەژیم و خۆم بێ وەتەن ناکەم/ ئەمن خۆ دارەبی نیم ڕاشەکێم هەر سروەیێک لێم دا/ بە بای کوێستانی خۆیشم گەر نەبێ قەت مەیلی شەن ناکەم»، ئەوەنییە کە دەڵێن، بنیامی هەلپەرەست، هەر بایەک بێ شەنی خۆیان ئەکەن، ئەمە قسەیێکی کۆنە، « بە بای کوێستانی خۆیشم گەر نەبێ قەت مەیلی شەن ناکەم»،هەڵبەتە بەکردەوەش سەلماندوومە، «کە جەردە و ڕێگرانیش بینە ئالاهەڵگری خاکم/ دەسووتێم و خەیاڵی مسکۆ و سۆئێد و فەرەنگ ناکەم/ بە فەقیری دەژیم تاکوو ماوم ڕووتەڵە و برسی/ لە کوردستانی خۆم دەمرم ئەبەد تەرکی وەتەن ناکەم»، ئەمە وڵامەکەی ئەم سێ چوار وشە بوو، لە ئاخریشا ئەمەم بۆ نووسیبوو، لە باری ئامۆژگاری، «چون جەنابت ئەهلی نیازی و مەحرەمی ڕازی لە عەین حاڵیشا، ئەم چەن شعرەم بۆ ناردی، لێم دانەشاردی، جارجارێ بە زەوق بیخوێنەرەو سەری بۆ بجوێنە و گەوهەری بە سەردا برژێنە، ئاوارەی دیاری نادیاری، حسێن لە حەمالاوای سەقز».

ئەمەم بۆی هەناردەوە.

نامەکە گەیشتووە دەسی تەواو گۆڕابووی، یاخوا ماڵم وێران بێ بۆ غەڵەتێک کە کردۆمە، دیگ دەروونم هاتووەتە کوڵ بە هیچ ئاوێک ناکوژێتەوە بۆم، چ کفرێکم کرد، چی بوو ئەم کارەساتە، کوڕە وتم پیاو ئەونەیش خوێرینە نەوین برا، پارەیشو ببێ و وڵاتەکەی خۆیشت هەبێ و ئەو داستانە ئالەوێنا بوو کە پەیامەکەم نارد.

# بەرجەوەنی ئابووریی ئێران پاش کۆرۆنا




**شەماڵ تەرغیبی**

ڕەنگە هیچ بیرمەند یان لێکۆڵەرێک نەتوانێ ئیدعای ئەوە بکات کە توانیویەتی پێشبینی دۆخی پێشهاتوو بەهۆی ئێپیدیمی کۆرۆناوە بکات؛ بەو واتایە کە زەحمەتە مرۆڤ باوەڕ بکات کە کەسێک یان ناوەندێک هەبووبێ لەم گەردوونەدا کە پێش لە هاتنی کۆرۆنا ئاگادار بووبێ و هۆشداری دابێت! هەر بەو پێیەش ڕەنگە زۆر ئەستەم و زەحمەت بێت کە پێشبینی بۆ پاش قەیرانی کۆرۆنا لە ئاستی جیهانیدا بکرێت و هەر شتێک لەو پێوەندییەدا بوترێ تەنیا و تەنیا لە ئەنجامی پشتبەستن بە داتا و زانیارییەکانی پێش لە کۆرۆنا و ئەزموونەکانی ڕابردووی مرۆڤە کە ڕەنگە ١٠٠٪ دروستیش نەبن! بەڵام بەو حاڵەشەوە ناکرێ مرۆڤ لەم سەردەمی زانیارییەدا تەنیا چاوەڕوان بێت و خۆی لە قەرای ئەگەرەکانیش نەدات؛ کەواتە پێویستە بەگوێرەی زانست و زانیارییەکانی بەردەست هەوڵ بدرێت لە نێو کوێرەڕێگاکاندا بەرجەوەنێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە کەنارە ئارامەکان بگات و بتوانێ لە داهاتووشدا بوونێکی ئەکتیڤی هەبێ.

لەسەر ئەم بنەماش ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە دوایین هەڵسەنگاندنەکانی خۆیدا ڕایگەیاند: «تەشەنەسەندنی نەخۆشیی کۆرۆنا دەبێتە هۆی دابەزینی ١٣ هەتا ٣٢ لەسەدیی مامەڵە بازرگانییەکان لە ساڵی ٢٠٢٠دا و گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی لە سەرانسەری جیهاندا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرسی کۆتاییهاتنی کۆرۆناوە هەیە.»

ئەوەیکە ڕوونە و لەم ڕاپۆرتە شیکارییەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیشدا ڕەنگی داوەتەوە ئەو کەتوارەیە کە گشتگیربوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پێشنەگرتن لە زیاتر تەشەنەسەندنی لەوانەیە قووڵترین مەندیی ئابووریی لە مێژوودا لێ بکەوێتەوە کە ڕوونە ئەم «مەندی»یە دەبێتە هۆکاری دابەزینی حاشاهەڵنەگری ئاست و ڕێژەی بازرگانی و بەرهەمهێنان و لە ئەنجامدا ئاکامێکی ناخۆشی بۆ بنەماڵەکان و پیشەکان لێدەکەوێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە دوکتور «ئانتۆنی فائۆچی»، بەرپرسی دامەزراوەی نەخۆشییە چڵکهێنەر و هەستیارەکان لە ئامریکا دەڵێت: «تەنانەت ئەگەر واکسەن و دەرمانی نەخۆشیی کۆرۆنا بدۆزرێتەوە، ئەوا ژیان و جیهان ناگەڕێنەوە سەر دۆخی پێشووی خۆیان.»

دوکتور «فائۆچی» لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «بیزینێس ئیناسیدەر» دەڵێت: «ڤایرۆسی کۆرۆنا بە دۆزینەوەی واکسەن و دەرمان، کۆتایی پێ نایەت و لەنێو کۆمەڵگادا وەکوو نەخۆشیی ئانفولانزا دەمێنێتەوە». ناوبراو باس لەوەش دەکات، دۆزینەوەی واکسەن هەنگاوێکی گەورە و سەرەکییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە قەیراناوییە کە ڕۆژانە بە هەزاران کەس تووش دەبن و هەزاران کەس مردوون. دەبێ پێڕەوی لە دابڕانی فیزیکی لە کۆمەڵگا بکرێت تاکوو هێڵی نەخۆشییەکە توند نەبێت .

ناوبراو باسی لەوەش کردووە، قەرەنتینە و دابڕانی فیزیکی، زەرەری زۆری بۆ ژیان و ئابووریی خەڵک هەیە، بەڵام ئەگەر ئەو کارە نەکرێت کارەسات ڕوو دەدات؛ بۆیە بەگشتی نابێ بیر لەوە بکرێتەوە کە مرۆڤ بتوانێ بگەڕێتەوە سەر ژیانی پێشووی خۆی و ڕەوتی پێشووی دونیا ئیمکانی نییە، چوونکە ئەم ڤایرۆسە لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوە و ژیان دەگۆڕدرێت.

> **بەگشتی نابێ بیر لەوە بکرێتەوە کە مرۆڤ بتوانێ بگەڕێتەوە سەر ژیانی پێشووی خۆی و ڕەوتی پێشووی دونیا ئیمکانی نییە، چوونکە ئەم ڤایرۆسە لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوە و ژیان دەگۆڕدرێت**

ڕەنگە یەکەم دەرهاویشتەکانی ئەم گۆڕانەی کە پێشبینی بۆ دەکرێ، هەروەک لە ئێستەدا کەم و زۆر لە کەرتەکانی گەشتیاری و خزمەتگوزاری موسافربەری و فڕۆکەوانی دەبینرێ، گۆڕان لە پێکهاتەی ئابووریی جیهان بەگشتی بێت کە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر ئاستی بەرهەمهێنان لە سەرانسەری جیهان و بەو هۆیەشەوە وردەوردە مۆدێل و سەرباشقەی ژیانی زۆرێک لە وڵاتە پیشەیی و پێشکەوتووەکانی خستووەتە ژێر باندۆڕ و کاریگەری خۆیەوە.

کەمتر لە ١٠ ساڵ لەمەوپێش، واتە لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨، ئابووریی جیهانی لەگەڵ قەیرانێکی زۆر قووڵ و کوشندەی ماڵی بەرەوڕوو بوویەوە و لەحاڵێکدا هێشتا نەیتوانیبوو بگاتەوە بە خاڵی سەقامگیر، تووشی کۆرۆنا هات و ناچاری کرد کە ئاستی چالاکییە ئابوورییەکانی یان کەم بکاتەوە یان بیگەیەنەتە سفر! کە ڕوونە داخرانی درێژماوەی کارگە و کارخانە بەرهەمهێنەرەکان و کەمبوونەوەی جموجوڵی بازرگان و پیشەدارەکان خەساری زۆر جیددی دەگەیەنێتە بازاڕ و ئەگەری مایەپووچی بەشێکی بەرچاویان، بەتایبەت کۆمپانیا بچووک و لاوازترەکان، مەزندەکراوە کە ئەم دۆخە بەکردەوە بێکاری میلیۆنی و لەهەمان کاتیشدا ئاسەواری نێگەتیڤی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لێدەکەوێتەوە.

هەرچەند بەشێک لە وڵاتانی زلهێزی وەک ئامریکا و بریتانیا بۆ پێشگیری لەم ڕەوشە نەخوازراوە هەوڵیان داوە کە هەندێک ڕێوشوێنی تایبەت بگرنەبەر و بە یارمەتی گەیاندن بە کرێکارە بێکاربووەکان و کۆمپانیا داخراوەکان ڕێگە لە هاتنەئارای ئەم باندۆڕە نەرێنییانە بگرن بەڵام دیسانیش ئەم ڕێکارانە ناتوانن لە درێژماوەدا ڕێگری بکەن لەو قەیرانە مەزنە مرۆییانەی کە پێشبینییان بۆ کراوە. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە پێش کە ئەگەر وڵاتانی پێشکەوتوو و دەوڵەمەند کە بە پلان و بەرنامەوە بەرەورووی کۆرۆنا و ئاسەوارەکانی بوونەتەوە، ئەدی وڵاتێکی وەک ئێران کە پێش لە قەیرانی کۆرۆناش خاوەن ئابوورییەکی لاواز و تەنانەت داڕماو بوو چۆن دەیهەوێ لەم مەزنەقەیرانە خۆی دەرباز بکات و هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت؟ ئایا ئیمکانی بەرەوپێشچوون و قەرەبووکردنەوەی خەسارەکانی ئەم ماوەیە، لە وەها وڵاتێکدا بوونی هەیە؟

> **ئەگەر وڵاتانی پێشکەوتوو و دەوڵەمەند کە بە پلان و بەرنامەوە بەرەورووی کۆرۆنا و ئاسەوارەکانی بوونەتەوە، ئەدی وڵاتێکی وەک ئێران کە پێش لە قەیرانی کۆرۆناش خاوەن ئابوورییەکی لاواز و تەنانەت داڕماو بوو چۆن دەیهەوێ لەم مەزنەقەیرانە خۆی دەرباز بکات و هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت؟**
> **ئایا ئیمکانی بەرەوپێشچوون و قەرەبووکردنەوەی خەسارەکانی ئەم ماوەیە، لە وەها وڵاتێکدا بوونی هەیە؟**

بۆ وڵامدانەوەی درووست بەم پرسیارانە و پرسیاری هاوشێوەی دەبێ لە پێشدا کورتەئاوڕێک لە دۆخی ئابووریی ئێران پێش لە کۆرۆنا و بێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانی کۆرۆنا بدەینەوە:

لە مانگی ئۆکتۆبری ٢٠١٩دا بانکی جیهانی لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ بۆ جارێکی تر «داتەپین» ئەزموون دەکات و گەشەی ئابووریی ئەم وڵاتە دەگاتە ٨/٧-٪!

هەر لە هەمان ڕاپۆرتدا ئاماژە بەوە کراوە کە نرخی هەڵاوسان لە ئێراندا ٣٨٪ دەبێ و ڕێژەی فرۆشی نەوتی ئێران لە ڕۆژدا تا ساڵی ٢٠٢٢ تەنیا ٥٠٠ هەزار بەرمیل دەبێ کە بەلەبەرچاوگرتنی ئابووریی تاکبەرهەمی ئێران ئەمە بەواتای «قەیرانێکی قووڵ» دێتە ئەژمار.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بە لەبەرچاوگرتنی کۆتاییهاتنی «معافیت»ەکان و توندتر و دژوارتربوونی ئاڵوێرە بانکییەکان بۆ ئێران و بەردەوامی تەحریمەکان لە کەرتی پێترۆشیمی، مادده کانزاییەکان و ئاسنەواڵەکان، ئابووریی ئێران بەبەراورد لەگەڵ دوو ساڵی پێشتری ١٠٪ بچووکتر دەبێتەوە کە ڕەنگدانەوەی ئەم وەزعیەتە زیاتر لە کەرتی خانوبەرە، ئاوەدانی، خزمەتگوزاری گشتی، تەندروستی و بودجەی گشتی وڵاتدا خۆی دەنوێنێ.

کەمبوونەوەی فرۆشی نەوت و ئاستی بازرگانییەکانی ئێران وێڕای دژوارتربوونەوەی ئاڵوێرە بازرگانی و بانکییەکانی ئێرانیش کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر سەنعەتی ماشینسازی و بیناسازی دادەنێ و تێچووەکانی ژیان چەند قات زیاتر دەکات.

لە ڕاپۆرتی ئەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییەدا هاتووە بەهۆی کەمبوونەوەی بایەخی دراوی ئێران و نەبوونی سەقامگیری ئابووری و چوونە سەری نرخی کەلوپەلە مەسرەفییەکانی وەک گۆشت نرخی هەڵاوسان گەیشتووەتە ٥٤٪! نرخێک کە ناوەندی ئاماری ڕێژیمی ئێران ڕەدی کردەوە و ڕایگەیاند کە تەنیا ٤٢/٧٪ە! بەگشتی ئەوەیکە لەو ساتەوەختەدا (واتە پێش لە هاتنی کۆرۆنا) ڕوون بوو بەرجەوەنی ئابووریی ئێران بە «قەیرانخولقێن» وەسف دەکرا! بە وێناکردنی ئەم بەرجەوەنەش ڕێژەی نێونجی هەناردەکردنی نەوتی ئێران لە ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ لە ڕۆژدا تەنیا ٥٠٠ هەزار بەرمیل بوو کە تا دوو ساڵ دواتریش درێژەی دەکێشا کە کۆی ئەم پرسانە بەواتای چوونەسەری زیاتری نرخی هەڵاوسان و بێکاری و گرانی و هەروەها کەمبوونەوەی خێرا و توندی ئاستی بەرهەمهێنان و سەرانەی ناپەتیی نێوخۆیی دێت و ئەمەش دەبێتە هۆی هەژاری زیاتر و بەرزبوونەوەی ڕێژەی «چەرمەسەری».

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم کەتوارانەی کە باس کران ئێستە دەگەڕینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە ئابووریی ئێران پاش کۆرۆنا چی لێ بەسەر دێت؟

بە هاتن و پەرەسەندنی زیاتری ئێپیدێمی کۆرۆنا لە ئێران، ئابووریی ئەم وڵاتە لەگەڵ قۆناغێکی سەخت و دژواری نوێ بەرەوڕوو بووەتەوە کە وەک هەندێک لە کارناسانی ئەم بوارە باسی دەکەن لەوانەیە کاریگەرییەکانی لە تەحریمە نێونەتەوەییەکانیش کوشندەتر بێت! بەڵام بەگشتی کۆرۆنا لە دوو ڕەهەندەوە دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئابووریی ئێران دابنێت؛ یەکەم ئاڵوێرە بازرگانییەکانی ئێران بکاتە ئامانج و دووهەم کەرتی نێوخۆیی ئابووریی ئێران بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

پڕئاشکرایە کە هەنووکە یەکێک لە ڕێڕەوە سەرەکییەکانی وەدەستخستنی داهاتی کۆماری ئیسلامی پێوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی خۆی بوو کە بەهاتنی کۆرۆنا و ناچاربوونی وڵاتانی جیران بۆ داخستنی سنوورەکانیان و کەمترکردنەوە و سنووردارکردنی ئاڵوێرە بازرگانییەکان زەبرێکی جەرگبڕ وەبەر پەیکەری نەخۆشی ئابووریی ئێران دەکەوێ. دووهەم ڕەهەندیش بریتییە لە «دەرخستن و خواستن» (عرضه و تقاضا) کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم پەتاوە! بەچەشنێک کە داخران و کەمبوونەوەی ئاستی چالاکییە ئابوورییەکان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێز و توانست و دەرخستنی کار و بەرهەم؛ کەواتە ساڵی ٩٩ دەبێتە ساڵی کەمبوونەوەی بەرچاوی نرخی بەشداری لە چالاکییە ئابوورییەکان و کەمبوونەوەی کار و لە هەمان ڕاستاشدا زۆربوونەوەی نرخی پێداویستییەکان و گرانی. لەم نێوانەدا دوو پرسی گرینگ هەیە کە نابێ لە بیر بکرێن؛ یەکەم خەسارمەندبوونی زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران کە خاوەن پیشەی دایم نەبوون لەوانەش کرێکارە دانەمەزراوەکان و دەسفرۆشەکان. دووهەمیش زیاتربوون و قووڵتربوونی کەلێن و قەڵشی «کەمیی بودجە» کە پیش لە کۆرۆناش هاواری ناوەند و نیهادە حکومەتییەکانی بەرز کردبۆوە.

هەر ئەمەش وای کرد کە ڕۆژی سێشەممە ١٩ی خاکەلێوە، لە دانیشتنی شورای بەرزی تەناهیی ڕێژیم، ‹›حەسەن ڕووحانی›› باسی لەوە کرد کە لە درێژەی داخستنی دووکان و بازاڕ و ڕێگیریکردن لە کار و پیشەی خەڵک لە داهاتوودا، ٣٠ میلیۆن خەڵکی برسیی دەڕژێنە سەر شەقامەکان کە ئەمە دەرخەری ترسی نەشاردراوەی سەرانی ڕێژیم لە قۆناغی پاش کۆرۆنایە! بەتایبەت کە لە ساڵانی ڕابردوودا خەڵکی هەژار و برسیی ئێران، بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە خراپیی دۆخی ژیانیان دەڕژانە سەر شەقام و خۆپیشاندانیان دەکرد، ڕێژیمی ئێران بە هەموو توانایەوە خەڵکی ناڕازیی سەرکوت دەکرد و بە پیلانی ئامریکا و ئیسرائیل و عەرەبستانی دەزانی و نکۆڵیی لەوە دەکرد کە خەڵکانی ئێران لە بارودۆخی خراپی ئابووریدا بن.

ئەمە ئەو بەرجەوەنە تاڵەیە کە لە ڕۆژ و عەوتوو و مانگەکانی داهاتوودا ئێران و خەکانی نیشتەجێ لەم یەکە جوغرافیایی – سیاسییە بەخۆیانەوە دەیبینن.

# زاگرۆس دەخنکێندرێ، ئەگەر...

کوردستان

مەرگ و ژیان!

مەرگ وشەیەکی نامۆ لە زاگرۆس نییە! لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، ئەم وشە ئاشناتر لە گوێ و ڕەوتی تەشەنەکردنی خێراتر لە هەمیشە بووەتەوە. کاتێک کە ناوی زاگرۆس دێت، مەبەست هەم سەرمایە مرۆییەکانیەتی و هەمیش سەرمایە مەعنەوییەکانی کە ڕێگەخۆشکەری ژیان بۆ بوونەوەرە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لەو هەرێمەدا بوون. ئەوەیکە لێرەدا دەمانهەوێ گرینگی پێ بدەین ماکەی ژیانی مرۆڤەکانی نیشتەجێ لە زاگرۆسە کە خۆیان بەشێک بوون و هەن لە پڕۆسەی لەنێوبردن و لەنێوچوونی. باسی ئێمە باسی دارستان و لێڕەوارەکانی زاگرۆسە!

ئەگەر بمانهەوێ بۆ چوونە نێو ئەم باسە، گرینگیی و سەرەتییەکانی دارستانەکان بۆ دانیشتووانی زاگرۆس بێنینە بەر باس، ئەوەندە بەسە کە بڵێین دارستانەکانی زاگرۆس جیا لە حەواندنەوە، دەرەتانی ژیان و هەناسەکێشان و لەوانەش زیاتر ناسنامەیان پێ بەخشیوین! ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە دار و دارستان چۆن دەتوانێ ناسنامە بە مرۆڤ ببەخشێ؟ بۆ گەیشتن بە وڵامی دروست بۆ ئەم پرسیارە دەبێ لە پێشدا پێناسەیەکی گشتگیر و کامڵ لە «شوناس»مان هەبێ! شوناس یان کێیەتی (کە لێرەدا زیاتر مەبەست شوناسی نەتەوەییە) بریتییە لە کۆی ئەو تایبەتمەندییە فکری، ڕەوانی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، فەلسەفی، ژینگەیی و مێژووییانەی کە بە ئاشکرا لە چییەتی گرووپێکدا دێتە بەرچاو و ئەندامەکانی لە جێگەیەکی دیاریکراو دادەنێت و جیایان دەکاتەوە لە ئەندامانی گرووپێکی ئینسانی تر؛ واتە ئەویترێک کە خاوەن تایبەتمەندی مێژوویی، فەرهەنگی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و فکری ترە.

بەپێی ئەم پێناسە دەتوانین بڵێین زاگرۆس وەک ناوچەیەکی جوغرافیایی یان ئەو ژینگەی کە دەرەتانی ژیانی بە ئێمە بەخشیوە، دانیشتووانی خۆی لە هۆز و گەل و نەتەوەکانی تر جیا دەکاتەوە و دەیکاتە ئەویترێکی مانادار؛ بەو واتایە کە ئەوە زاگرۆسە کە کورد لە عەرەب، دانیشتووانی کەویر و بیاوانەکانی ناوەندی ئێران یان باقی هۆز و نەتەوەکان جیا دەکاتەوە و شوناسی تایبەت بە خۆیانی پێدەبەخشێ. ئێستە با بزانین کە دەفرایەتی دارستان و لێڕەوارەکانی زاگرۆس چەندیە و لە ساڵانی ڕابردوودا چی لێ بەسەر هاتووە و چۆن هەوڵ دراوە کە ئەم شوناسە گشتییەی دانیشتووانەکەی بسڕدرێتەوە؟

لێڕەوارەکانی زاگرۆس بەگشتی لە پارێزگای ورمێوە دەس پێدەکەن و بە درێژایی زیاتر لە ١٦٠٠ کیلۆمێتر و پانی ٥٠ تا ١٠٠ کیلۆمێتر، هەتا ناوچەکانی بەختیاری درێژ دەبێتەوە کە دەفرایەتییەکەی لە ڕابردوودا زیاتر لە ١٠ میلیۆن هێکتار بووە بەڵام بەهۆی گوێنەدان و کەڵکوەرگرتنی لەڕادەبەدەر و سووتاندن و بڕینەوەیان بەردەوام ڕووی لە داکشان کردووە و هەنووکە گەیشتووەتە نیزیک بە ٥ میلیۆن هێکتار واتە زیاتر لە نیوەی ئەم دارستانانە لەنێو چوون!

زۆرترین جۆری دار کە لەم دارستانانەدا بوونیان هەیە و ژیانیان پێ بەخشیوین بریتین لە بەڕوو، مازوو، قەزوان، بنێشت، گەزۆ، چەندین جۆر بادام، بلاڵووک، گۆێژ، گوێز، تووشیرین، هەنار، چنار، و دەیان جۆر دار و ڕووەکی تر بەڵام بەهۆی زۆری ڕێژەی داربەڕووەکان کە هەندێ کەس وەک ناسنامەی زاگرۆسیش دەیناسێنن، نازناوی دارستانەکانی بەڕووی بەخۆوە گرتووە. ڕێژەی بارینی باران لە ساڵدا لە دارستانەکانی زاگرۆس لە نێوان ٤٠٠ تا ٦٠٠ میلی مێترە بەڵام لە هەندێک ناوچەیدا لە ١٠٠٠ میلی مێتریش تێدەپەڕێ و بەهۆی هەڵکەوتەکەیەوە خاوەن کەشوهەوایەکی مەدیتەرانەییە. بەواتایەکی تر بارینی ئەم ڕێژە لە باران و بەفر لە ساڵدا لە زاگرۆس یەکسانە لەگەڵ دووقاتی بارین بەشێوەی نێونجی لە هەموو ئێران کە دەکاتە ٣٠ لە سەدی کۆی ئەو باران و بەفرەی کە لە ئێراندا دەبارێ کە ٤٠٪ی کۆی ئاوی ئێرانیش دابین دەکات! کە ئەمە بەواتای گرینگی لەڕادەبەدەری زاگرۆس لە پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەموو ناوچەکە و بەو پییەش پاراستنی ژیانە!

لە هەمان کاتیشدا زاگرۆس کاریگەری و شوێندانەرییەکی کەموێنەی لەسەر هەوای هەموو ئێران و تەنانەت ناوچەکەش هەیە؛ بەو واتایە کە وێڕای ڕاگرتنی کەشە مەدیتەرانەییەکەی و بەرهەمهێنانی ئۆکسیژێن بەڕێژەیەکی بەرچاو، ڕێگریش دەکات لە پیسبوونی هەوا لەڕێگەی گەردیلەکانی نێو خۆڵ، هەڵبەت بە مەرجێک کە دارستانەکان وەک خۆیان بمێننەوە و قەرەبوو بۆ دارستانە لەنێوچووەکان بکرێت. نموونەی بەرچاوی ئەمەش دەتوانین لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆڵبارینەکان لە ساڵانی ڕابردوودا ببینینەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی زاگرۆس و ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت عێراق و وڵاتانی دەوروبەریشی دانا.

ڕەنگە کەمتر کەسێک ئاگاداری بایەخە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانی دارستانەکانی زاگرۆس بیت؛ بەڵام ئەوە کەتوارێکی حاشاهەڵنەگرە کە دارستانەکانی زاگرۆس جیا لەوەیکە دەرەتانی هەناسەکیشان و ژیان بۆ بوونەوەرەکانی نیشتەجێ لێی دەڕەخسێنن لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەیەکی بەپێزی داهاتیشن. دانیشتووانی زاگرۆس هەر لە دێرزەمانەوە وێڕای کەلکوەرگرتن لە ئەم دارستانانە وەک لەوەڕگەی ئاژەڵەکانیان، کەڵکیان لە دارەکان وەک سووتەمەنیش وەرگرتووە و بنێشت یان شیلەی دارەکانیش وەرگرتووە و بۆ کاروباری دەرمانی و بێهداشتی و خۆراکی و تەنانەت بازرگانیش کەڵکیان لیوەرگرتووە کە ڕەنگە گرینگترینیان دارە وەن یان قەزوان بێت کە زۆر جار وەک ئاڵتوونی سەوزیش دەیناسن. بەڵام بەداخەوە بەهۆی مەسرەفی بێسنوور و بڕینەوە و سووتاندنی ئەم زێڕە گرانبەهایانە بۆ سازکردنی ویلا و ماڵی شەخسی و .... ئەمڕۆکە بەشێکی بەرچاوی ئەم سەرمایە لە کیس چوون و لە غەیری هەندێک ناوچەی سنووری کە ترسی مینڕێژبوون و پرسی سەربازی و ئەمنیەتی لەسەرە شوێنێکی ئەوتۆ نەماوە کە مرۆڤی چاوچنۆک زەفەری پێ نەبردبێت و جگە لە ژیانی خۆی، مافی ژیانی لە دەیان ئاژەڵ و بوونەوەری تری ئەم هەرێمە تاڵ نەکردبێ کە هەر کام لەوانە لە شوێنی خۆیاندا کاریگەرییەکی یەکجار بەرچاویان لەسەر بەردەوامی ژیان لە زاگرۆس هەیە و ئێکۆسیستمی زاگرۆس دەپارێزن!

زاگرۆس گرینگترین و ستراتێژیکترین ناوچەیە نەک لە ئێران بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی ناوچەشدا بەڵام بەداخەوە لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی گوێنەدان بەم گرینگایەتییە کە هەم ئاو، هەم هەوا و هەم خاک دەپارێزێ، ژینگەی زاگرۆس خەساری زۆر مەزنی وێکەوتووە کە قەرەبووکردنەوەی گەلێک ئەستەم و پێویستی بە بودجە و هیممەتێکی جیددی هەیە؛ هەر لە سووتاندنی لەوڕگە و دارستانەکانەوە بگرە کە ساڵانە و بەتایبەت لە وەرزەکانی گەرما بەشێوەی سیستماتیک لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و سەربازییەکانی ڕێژیمەوە ئەنجام دەدرێ یان لەڕێگەی کەسانی نەفسنزم و نائاگا دەکرێنە قوربانی و فرەچەشنی لەم ناوچانە لەنیو دەبەن تا دەگاتە گرتن، ڕاوکردن و قاچاخی بوونەوەرە جۆراوجۆرەکانی زاگرۆس بە مەبەستی بازرگانی و ...

لەم نێوانەدا نابێ چوونەسەری حەشیمەتیش لەبیر بکرێت کە پیویستییە هەنووکەییەکان بە دانەویلە چەند قات زیاتر دەکات و بەبیانووی کشتوکاڵ هەوڵەکان بۆ خاشەبڕکردنی زیاتری زاگرۆس چەند قات بووەتەوە تاکوو زەوی کشتوکاڵی لێ ساز بکرێت کە ئەمەش لە شوێنی خۆیدا دەبێتە هۆی کەلکوەرگرتنی زیاتر لە جۆرەکانی کودی شیمیایی و چوونەسەری ئاستی پەرتووکاوی و سووانی خاک کە بەپێی دوایین ئامار و داتاکانی گەیشتووەتە ٣٣ تۆن لە هێکتارێکدا!

ئەوەیکە ئەمڕۆ لە زاگرۆسدا دەبیندرێ مردنێکی هێواشی زاگرۆسە! مردنی ئێکۆسیستمێکی گرینگ کە ئەگەر هەر بەم خێراییە بەردەوام بێت دەبێتە مەرگی زاگرۆس و بوونی ئەم ناوچانە بە بیاوانیگەلی شاخاوی بێکەڵک! بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ڕێگری لەو تراژێدیایە بکرێت و تاکەکانی زاگرۆس وەک شوێن و ماکەی ژیانی خۆیان سەیری بکەن و هەوڵی پاراستنی بدەن توانایی و پۆتانسیەڵی ئەوەی تێدایە کە ببێتە جەمسەرێکی گرینگی ژیان لە ئاستی جیهانیدا. لەبیرمان بێت کە ئێمە خاوەنی ئەو ژینگەیە نین(!)، ئێمە بەشێکین لەو ژینگەیە، کەواتە ئەرکمانە بیپارێزین.

**ئەوەیکە ئەمڕۆ لە زاگرۆسدا دەبیندرێ مردنێکی هێواشی زاگرۆسە! مردنی ئێکۆسیستمێکی گرینگ کە ئەگەر هەر بەم خێراییە بەردەوام بێت دەبێتە مەرگی زاگرۆس و بوونی ئەم ناوچانە بە بیاوانیگەلی شاخاوی بێکەڵک! بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕێگری لەو تراژێدیایە بکرێت و تاکەکانی زاگرۆس وەک شوێن و ماکەی ژیانی خۆیان سەیری بکەن و هەوڵی پاراستنی بدەن توانایی و پۆتانسیەڵی ئەوەی تێدایە کە ببێتە جەمسەرێکی گرینگی ژیان لە ئاستی جیهانیدا**

## وێستگە

# ژنان، پێشمەرگە سپی پۆشەکانی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتن



نووسین: هێمۆ

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە شێوازێکی جیاواز خەبات و جۆرەکانی خەباتی پێناسە کردەوە، ئەوە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات جۆرێکی تر لە چالاکی و بەرخودانی بەخۆیەوە بینی.

لە دەسپێکی ڕاسانەوە تاکوو ئەمڕۆ، باس لە گرێدانی خەباتی شار و شاخ کراوە، بەڵام یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی ئەم خەباتە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی خەبات بۆ چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بوو.

ئەگەر ژنانی کورد لە سەردەمانێکدا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان گێڕابوو، ئەوە بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتە داگیرکەر و سەرەڕۆکانەوە ژنان کەوتنە پەراوێزی هەموو چەشنە چالاکی و بزووتنەوەیەک لە کۆمەڵگادا. بەڵام بە سەرهەڵدانی دیسکۆرسی ڕاسان و دووبارە پێناسەکردنەوەی خەبات و گۆڕەپانی خەبات، بەشێوەیەکی جیددی ژنان توانیان ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان لە پرس و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بگێڕن و ئەمجارە بە هێز و توانایەکی جیاوازەوە بێنە مەیدانی بەرخودانەوە. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین بە دەسپێکی ڕاسان، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ژنانی کوردستاندا دەستی پێکرد و ژنان توانیان لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ژیانی خۆیاندا هەڵبدەنەوە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە، پرس و بابەتی جیاواز بەرەوڕوو بوویەوە. لە هەموو کات و ساتە جیاوازەکاندا کوردستان و تاکی کورد بە شێوازێکی جیاواز لە سەرتاسەری ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پرسەکان هەنگاویان هەڵگرتووە. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، بەربڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهاندا جیا لەوەی کە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر تاک بە تاکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوو، وەکوو قەیرانێکی گەورە ڕووی لە کوردستانیش کرد. هەرچەند هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی بەربڵاوی ئەم ڤایرۆسە لە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەتایبەتی زیاتر بەهۆی ناکارامەیی و سیاسەتە گڵاوەکانی بەرپرسانی ڕێژیمەوە بوو بەڵام، ئەوەی کە زیاتر لەمانە گرینگ بوو هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بەم گرفتە بوو.

ڕاستە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەهۆی ناکارامەیی بەرپرسانی ڕێژیم لە کێشە و قەیرانەکاندا خەڵکێکی زۆر بوونەتە قوربانی بەڵام ئەوەیکە جێگەی سەرنج و بایەخە، هاوهەڵوێستی و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە و گرفتەکاندا بووە. لە کۆمەڵگای کوردستاندا وەک قەیرانەکانی دیکە ئەم کێشەیەش بوو بە دەرفەتێک بۆ پێکەوەبوونی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی کە لەم ڕۆژانەدا زیاتر لە هەر بابەتێک گرینگیی پێ درا و خەڵک بە ڕێزەوە باسیان لێوە کرد، هەڵوێستی بوێرانە و مرۆڤدۆستانەی کەسانێک بوو کە تەنانەت حازر بوون گیانی خۆشیان فیدا بکەن تاکوو بتوانن هەنگاوێکی ئەرێنی لە پێناو ژیانی هاووڵاتیاندا هەڵبگرن. لەم نێوانەدا، کۆمەڵێک لە چالاکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وەک هەمیشە، هاتنە مەیدان و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەتای کۆرۆنا بە هەر شێوازێک کە بۆیان کرا، ئەرکی خۆیان لەم بوارەدا جێبەجێ کرد. چالاکانی مەدەنی لە کەمپەینەکانی پارێزەرانی ژیان، هاودڵیی کوردستان و کەژوان، بە کڕین و دابەشکردنی کەرەستەی خاوێنکەرەوە و کۆکردنەوەی پارە بۆ بنەماڵە کەمداهاتەکان، هەوڵیان دا تاکوو ئەرکێک کە لە ڕاستیدا ئەرکی دەسەڵاتە جێبەجێ بکەن. ئەوەیکە زیاتر لە هەر شتێک جێگای پێزانین و دەسخۆشییە خۆڕسکبوونی ئەم حەرەکەتەیە کە بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک و لە بەرانبەر هیچ شتێکدا کراوە. لە پەنای هەموو کێشە و گرفتەکاندا، کەسانێک بوون کە لە سەرەتای دەسپێکی ئەم قەیرانەوە، هەتا ئێستا بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک، بە دوور لە بنەماڵە، بە کەمترین ئیمکاناتی پێویستەوە و هەروەها لە ماوەیەکی زیاتر لە کاتی دیاریکراو بۆ ئەرکەکەیاندا، لە بەرەی هەرەپێشەوەی شەڕ لەگەڵ کۆرۆنادا ، چەند بەرابەر زیاتر لە ئاستی توانایی جەستەیی و زیاتر لە توانایی ڕۆحی خۆیان داکۆکییان لە گیانی خەڵک کرد و شەڕی مان و نەمانیان لە گەڵ کۆرۆنادا کرد. لەم قەیرانەشدا ژنان لە هەر دوو بەرەی پاراستنی ژیاندا چ وەکوو ئەندامی کەمپەینە خەڵکییەکان و چ وەکوو پێشمەرگە سپی پۆشەکانی نیشتمان، چەن قات زیاتر لە ئەرک و توانای خۆیان لە مەیداندا مانەوە.

ژنانی کوردستان لە بەرگی پێشمەرگەی سپی پۆشی نیشتماندا وەکوو هەموو کاتەکانی دیکە، لە بەرەی پێشەوەی پارێزگاری کردن لە هاووڵاتیان، وەک پێشمەرگەی شار و ڕۆڵەی گیانفیدای ئەم نیشتمانە ئەرکی خۆیان جێبەجێ کرد و هاودڵی و هاوهەنگاویی خۆیان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا نیشان دا.

لە ڕاستیدا بەشداری کردنی ژنان لە پرسە گرینگەکان و قۆناغە هەستیارەکانی ژیاندا، دەکرێ وەکوو یەکێک لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناوی لێ ببردرێت، ڕاسانێک کە هەر لە سەرەتاوە بە پێناسەیەکی نوێ، چی پێناسەی ڕەگەزتەوەرانە و شوێنتەوەرانە هەبوو، هەمووی هەڵوەشاندەوە و بە دیاریکردنی ئەرک و هەڵوێستی نیشتمانی هەوڵی دا تاکوو نیشتمانێکی نوێ بۆ نەوەی داهاتوو بونیات بنێتەوە.

# مینا قاسملوو: باوکم «پاڵمە» نییە

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ماڵپەڕی «MEMOR OF NATIONS» کە تایبەتە بە گێڕانەوەی بەسەرهات و بیرەوەری تاکە بەرجەستەکان لە نێو نەتەوە جیاوازەکانی جیهان، چەند لێدوان و وێنەی تایبەت بە «مینا نۆرلین»، کچی «د. عەبدولڕەحمان قاسملوو»ی بڵاو کردەوە کە لەبەر گرینگی بابەتەکە و گواستنەوەی بۆ خوێنەرانی کوردزمان، لێرەدا دەقی لێدوانەکانی بەڕێزیان دەخەینە بەر چاو:

لە بارەی «مینا»وە

«مینا نۆرلین» لە ١٩ی ئاوریلی ١٩٥٣ لەدایک بوو، دایکی، «هێلێن کرۆلیچۆڤا» خەڵکی چێک و باوکی «عەبدولڕەحمان قاسملوو» خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو.

لە پاییزی هەمان ساڵدا، «مینا» کاتێک منداڵێکی شەش مانگان بوو برایە ئێران، لەو شوێنەی باوکی لە دژی «شا» لە خەباتدا بوو. لە ماوەی چەند مانگی پاش ئەوە، «هیوا» خوشکی «مینا» لەدایک بوو.

لە کۆتایی ١٩٥٧دا، «عەبدولڕەحمان قاسملوو» حوکمی لەسێدارەدانی درا. هەر بۆیە، بڕیاری بەجێهێشتنی وڵاتەکەی لەگەڵ ژن و منداڵەکانی دا و داوای مافی پەنابەری لە چێکۆسلۆڤاکی کرد. بە هۆی سەفەری خێرایان بە پاسپۆرتی بیانییەوە، بنەماڵەکە لە ژێر ناوی ساختە تا ١٩٦٨ لە پراگ ژیان.

بەم جۆرە، «مینا» هەر لە تەمەنی پێنج ساڵیدا پاش ئەوەی ناسنامەی بیانیبوونی بۆ مانەوەی هەمیشەیی پێدرا، لەگەڵ ناوی بنەماڵەیی خۆی بۆ یەکەم جار ئاشنا بوو. لە ١٩٧٣دا، باوکی وەکوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تاراوگە هەڵبژێردرا.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠کان و ١٩٧٠کاندا، باوکی چووە دەرەوەی وڵات و لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا بەشدار بوو.

هەر لەو کاتەدا، ئەو هەوڵی دا منداڵەکانی لەگەڵ نەبێت لەبەر پاراستنی گیانیان. خاڵێکی وەرچەرخان لە ١٩٧٦ ڕووی دا کاتێک دەسەڵاتدارانی چێکۆسلۆڤاکی درێژکردنی پێناسی مانەوەیان بۆ بنەماڵەکە ڕەد کردەوە. «مینا» و «هیوا» داوای مافی پەنابەرییان لە سوێد کرد. دایک و باوکیان چوون بۆ پاریس، لەو شوێنەی قاسملوو لە زانستگای «سۆربۆن» دامەزرا. پاش چەند ساڵ مانەوە لە ستۆکهۆڵم، «مینا» هاوسەرگیری کرد و «بیناسازی» خوێند. لە ١٣ی جولای ١٩٨٩دا، «عەبدولڕەحمان قاسملوو» و یارانی لە کۆبوونەوەیەکدا لە ڤییەن بە بەشداری نوێنەرانی ئێران کوژران.

لە ژێر سێبەری ئەم تراژێدییە بنەماڵەییەدا، «مینا» بینی «پەردەی ئاسنین» (سنوورەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو) نەماوە و هەر لە ١٩٩٢دا کاتێک یەکەمین دەرفەتی گەڕانەوە بۆ «پراگ»یان پێدا، دوودڵی نەکرد و گەڕایەوە.

تیرۆرەکە:

«باوکم دەویست بچێتە ئەمریکا بۆ بەشداری لە کۆنگرەیەکی بەرینی سۆسیالیستەکان.

تەنانەت بۆ ئەوێ بانگهێشت کرابوو کە مانای وابوو وەکوو نوێنەری بەرحەقی نەتەوەکەی ڕێزیان دەگرت. بە دڵنیاییەوە، ئێرانییەکان ئەمەیان پێ باش نەبوو. کەوابوو، بۆ ڤییەن بانگهێشت کرا و باوکیشم چوو بۆ ئەوێ.

ئەو ئێوارەیە ئەوان کۆبوونەوەیەکیان بوو کە لە ئاپارتمانێکدا بەڕێوە چوو. دەگوترێ کە ئەو (باوکم) لەو کاتە بە ئاکامی دانیشتنەکە ڕازی بوو. لە ڕواڵەتدا، هەستی دەکرد بە شوێنێک گەیشتوون.

ئەو ئێوارە، ئەوان بانگیان کردەوە تا باسی شتی تر بکەن و بۆ جارێکی تر لە ١٣ی جولایدا بانگهێشتیان کردەوە.

دەرکەوت کە تەڵە بوو و هەر سێ کەسەکە بکوژ بوون.

نێونجیگەرێک کە لە نێوانیان هەر دوو لایەنەکەدا بوو، باوکم و هاوڕێیانی لەوێ بوون. ژمارەیەک لە دراوسێکان دەنگەکە دەبیستن و پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. ئەو دوو کەسەی کە تەقەکەیان کردبوو، لە لایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کران. یەکێکیان ڕاست بەرەو فرۆکەخانە بردرا و بەرەو ئێران سواری تەیارەیان کرد. ئەوی دیکەیان بۆ ماوەی سێ ساڵ خۆی لە باڵوێزخانەکەی ئێراندا حەشار دا».

یاری «من کێم»

«بە پاسپۆرتی عێراقییەوە لە چێکۆسلۆڤاکییەوە چووم بۆ ئەوێ و خۆم بە ئێرانی ناساند. بەڵام هیچ بەڵگەیەکم نەبوو بیسەلمێنم جگە لە پاسپۆرتە ساختەکە. ساڵێک لەوێ چاوەڕێم کرد تا مافی پەنابەرییان پێدام و پاش چەند ساڵێک داوام کرد وەک هاووڵاتی سویدی بناسرێم.

لەو کاتەدا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوو، تەنیا داوایان لێکردم دەستبەجێ هاووڵاتیبوونی ئێرانی لە کۆڵ خۆم بکەمەوە چونکە لەو کاتەدا هێشتا ئیزنی ئەوە نەدەدرا کە هاووڵاتی دوو وڵات بێت لە یەک کاتدا. بەم جۆرە ورەم وەبەر خۆم دا و چووم بۆ باڵوێزخانەی ئێران.

پێمگوتم کە کێشەکەم چیە لە بارەی ئەوەی من کێم.

بەڵام هیچ بەڵگەیەکم نەبوو بیسەلمێنم. کارمەندی باڵوێزخانەکە قسەی لەگەڵ کردم و بەردەوام پرسیارێکی لێدەکردم و دەچوو لە پشتی درگای داخراوە لەگەڵ یەکتر باسی بکەن.

بە بۆچوونم زۆری خایاند چونکە نزیک کاتژمێرێک دەبوو لەوێ بووم. دەمزانی دەزانن من کێم، بەڵام خەریکی یاریکردن بوون لە بارەی ناسنامەکەوە. کێشەم نەبوو چونکە نەمدەویست بچمە نێو هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسی لەگەڵیان. لە کۆتاییدا، کارمەندەکە هاتە لام و وتی ئەگەر هیچ بەڵگەیەکم نیە نیشانی بدا من کێم و خوازیاری سڕینەوەی هاووڵاتیبوونەکەمم بەبێ بەڵگە، ئەویش دەتوانێ بەبێ هیچ بەڵگەیەک بیسڕێتەوە. وەڵامەکە بۆ من زۆر باش بوو بەڵام پێویست بوو لەم مەسەلەدا، پۆلیسی سوێد بەقەناعەت بگەیەنم.

کەوابوو، داوام لە کارمەندەکە کرد زانیارییەکانی پەیوەندی پێوەگرتن لەگەڵیم پێبدا و قسەکەی بە پۆلیسیش بڵێ. نازانم پۆلیس و باڵوێزخانە دواجار چییان کرد، بەڵام دواتر هاووڵاتیی سوێدیان پێدام».

لەوێ خۆشم لە هیچ نەهات

«ئەوە بۆ من جۆرە مردنێک بوو چونکە نەمدەویست ئەوێ بەجێ بهێڵم.

هێشتا پێموابوو ئەوە خراپتێگەیشتنە لەوەی کە من دەگەڕێمەوە.

یەکەمین کارێک کە کردم ئەوە بوو کە چووم بۆ باڵوێزخانەی چێکۆسلۆڤاکی و داوای ڕوونکردنەوەم لێکردن.

بەپێی هەندێ لە پاراگرافەکان، پێیان گوتم کە من ئەو مافەم نیە.

کە چووم بۆ ئەوێ بە چێکی، ڕووسی و بڕێک فەڕانسەوی لەگەڵیان دوام. هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرم بوون بە سوێدی یان ئینگلیزی دەدوان و منیش خۆشم لەو شتەیان نەهات.

لەوێ خۆشم لە هیچ شتەیەکیان نەهات. ماوەیەکی زۆری پێچوو نزیک بە ساڵێک. خۆشم لە وڵاتەکەش نەدەهات، خۆشم لە خەڵکەکەشی نەدەهات، ئەگەرچی بەڕاستی مرۆڤی گەورە بوون. ڕاستە کە هیچ وڵاتێکی تر منی بەو شێوە قەبووڵ نەدەکرد، بەڵام ئەوە باری دەروونیم بوو. تەنیا دەمویست لە پراگ بم، لە کۆماری چێک».

باوکم «پاڵمە» نیە

«کاتێک باوکم لە ١٩٨٦ سەردانی ئێمەی کرد، پێویستی بوو ماوەی ڤیزاکەی درێژ بکاتەوە.

بە فەرمی وەکوو میوانم لەوێ بوو، کەوابوو ناچار بووین پێکەوە بچین بۆ ئیدارەی پۆلیس. لەوێ زانیم کە ئەوان دەزانن باوکم کێیە و چ پێگەیەکی هەیە. لەسەر ئەو بنەمایە، پێشنیاری ئەوەیان پێکرد کە پۆلیس بیپارێزێت. باوکم ڕەتی کردەوە و وتی ئەو «پاڵمە» نیە. بۆیە ئەمەی گوت چونکە «پاڵمە» ساڵێک پێشتری کاتێک دەچووە سینەما لە ستۆکهۆڵمدا تەقەی لێکرابوو.

ئەویش هیچ ئیسکۆرتێکی لەگەڵ نەبوو. بەڵام ڕاستە کە لەو کاتەدا من نەمدەزانی باوکم ژیانێکی پڕمەترسی هەیە».

# ئۆباڵئاوێژی لە ڕێگەی دەمەقاڵەی دیپلۆماتیکەوە

خالید دەرویژە

بەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ووهانی چین و بڵاوبوونەوەی خێرای ئەم پەتا نەخوازراوە، ئەگەر زۆربەی وڵاتانی جیهان بە گرتنە پێشی سیاسەتی پێشگیرانە و دابینکردنی پێداوستییەکانی تەندرووستی و چەندین ڕێکاری تر بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی بە مەبەستی پاراستنی گیان و ژیانی خەڵک،کە سەرەکیترین ئەرکی دەسەڵات و سەرچاوەگرتوو لە عەقڵییەتی گرینگیدان بە تەناهی کۆمەڵگایە، بە هەموو تواناکانیان شەو و ڕۆژیان خستەسەریەک و لە ڕەوتی دەستەبەرکردنی ئەم گرینگە، هەنگاوی کردەییان هەڵهێنا،لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێرانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی، نەتەنیا بچووکترین هەنگاو بەو ئاراستەیەدا نەگیرایە بەر، بەڵکوو بۆ پەردەپۆشکردنی دەستەوەستانی و نەزانکارییەکانیان، دیسانیش وەک هەمیشە دەست بە داوێنی ئۆباڵئاوێژی بوون تا لە چوارچێوەی وەهمی بیردۆزی پیلانگێڕی ڕۆچنەیەک بۆ دەرچوون لە کەمتەرخەمی و خەمساردییەکانیان بدۆزنەوە و بە خەیاڵی خاوی خۆیان خەڵکی پێ هەڵخەڵەتێنن تا خۆیان لە ژێر باری بەرپرسایەتی دەرباز بکەن.

یەکێک لە دوایین ئاماژەکانی وەها سیاسەتێکی نالۆژیکی، لێدوانی کیانووش جەهانپوور، وتەبێژی وەزارەتی تەندرووستییە، کە دوای نیزیکەی سێ مانگ لە بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە وەک ئەوەی لە گوێی گادا خەوتبێت و تازە بەوەی زانیبێت کە چین سەرچاوەی کۆڤیدی ١٩ بووە و دەسەڵاتی بەرژەوەندیپارێزیان ئامار و داتای ڕاستەقینەی ڕانەگەیاندووە و بە دابەزاندنی ئاستی مەترسییەکانی، ڕێگەی هەنگاوی کاریگەری لە کۆماری ئیسلامی گرتبێت؟ هەڵسووکەوتی چینییەکان بە شۆخی تاڵ پێناسە دەکات،بە شێوەیەک کە ئەگەر یەکێک کۆماری ئیسلامی نەناسیبێت وا بیر دەکاتەوە، لە ئەگەری درکاندنی ڕاستی ڕووداوەکە، تۆ بڵێی دوای یازدە ڕۆژ لە بڕی یەک میلیارد یۆرۆ لە سندووقی گەشەی نیشتمانی، بە ماوەیەکی کەم و وەک پشتیوانی ماڵی لە گرووپە دەسکردەکانیان، دەیان میلیارد یۆرۆیان بۆ پاراستنی خەڵکی خۆیان تەرخان کردبا؟

تۆ بڵێیی لە ئەگەری دڵنیابوونیان لە مەترسی ویرووسی کۆرۆنا، یارمەتییە دەرمانی و کەلوپەلە پزیشکییەکانیان کەمتر بەتاڵان دەبرد و لە خزمەتی خەڵکی وڵاتەکەیان دەیانخستنە گەڕ؟ گەلۆ، بڵێیی لە دوای خستنەڕووی زانیاری درووست لە لایەن چینییەکان، ئیمانیان بە زانستی پزیشکی لە بەرامبەر تیشکی کزی بیروبۆچوونی خورافەپەرەستی لە تاریکستانی چەقبەستووی عەقڵییەتی نەریتپارێزی و ئیدئۆلۆژیک دەهێنا؟ یا هەروەک ڕێبەری ڕێژیم لەسەر ڕێتمی ڕابردوو،سازی ناسازی یارمەتی و هاوکاری بان سرووشتییان لێدەدا؟

سیناریو داڕێژراوەکەی ئۆباڵئاوێژی بە شەڕەدندووکەی دیپلۆماتیک، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی زیاتر تەنیا لە قسەکانی جەهانپوور قەتیس نەکرابۆوە، بەڵکوو دەبوو، چانک هووا، باڵوێزی چین لە تارانیش وەک پەردەیەک لەو نمایشنامەیە ڕۆڵی خۆی گێڕابا تا دواتر و لە درێژەی پەردەکانی تردا چێژوتامێکی سەرنجڕاکێشتر بەڵام ئامانجدار بە سیناریۆکە بدرێت؛ کە لێدوان و شەڕە جریوەی هێندێک نوێنەری ڕەددی سەڵاحییەت کراوی بەناو مەجلیسی شورای ئیسلامی و دوایین جار لێدوانی عەباس موسەوی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لەو کانتێکستەدا مانا وەردەگرن. ئەگەر لە نەبوونی شناختێکی تەواو لە ڕێژیم، کۆماری ئیسلامی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئۆباڵئاوێژی و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی، وەک ستراتیژییەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتەکان، توانیویەتی ئەسپی بەرژەوەندییەکانی تاو بدات و مانەوەی دەسەڵاتە نگریسەکەی بیمە بکات! ئەمڕۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە گشتی و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئەم جوغرافیایە بە تایبەتی، زیاتر لە هەرکاتێک ماهییەتی درۆیین و ساختەکارانەی ڕێژیمیان بۆ دەرکەوتووە و فریوی ئەم شەڕە زڕینگەری و دەستکردانە ناخۆن. ئەمڕۆ خەڵک بە باشی دەرک بەو کەتوارە دەکەن کە درووشمی نابەجێ و هەڵەی «نە شەرقی نە غەربی» ،لە لایەن حاکمییەتەوە، تەنیا بۆ خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن و دادۆشین و تاڵانی سەروەت و سامانی وڵات و کردنی بە تێچووی پاراستنی دەسەڵاتە دژە گەلییەکەیان بەکاربراوە. کەتوارێک کە ڕژیمی ئۆلیگارشی و خێڵەکی وەلی فەقیە وەک هەموو دیکتاتۆرەکان، تا ئەو کاتەی نەکەونە بەر شاڵاوی ڕق و بێزاری خەڵک وبارگە و بنەیان بە مێژوو نەسپێردرێت لێی تێناگەن! ئەمە ئەو کەتوارەیە کە هەڵسووکەوتی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، لە درۆ و ترس و هەڵخەڵەتاندن و ئۆباڵئاوێژی، دژی خۆی واتە،ڕزگاری، ئازادی، ڕاستی ، ئازایەتی و دادپەروەری بەرهەم دەهێنێت.

# پەڵە پرووزەی کۆماری ئیسلامی لە گێژاوێکی خۆکردا

جەلال جەماڵی

دوای چوار دەیە لە تێپەڕبوونی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەدژی سیستەمی پاشایەتی بە هیوای باڵاکردنی ڕەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە دوو جەمسەری پێویستی چاوکراوەیی و ئاشنابوونی کۆمەڵگایە لە تەک بەها و بایەخە نوێیە جیهانی و بەرۆژەکاندا تا ڕەوڕەوەی گەشەی فکری و پێشڤەچوونی ئابووری تل بدرێ، کەچی خەڵک ناکام و هەناسەسارد، گرفتاری ڕێژیمێکی کۆنەپەرەست بوون کە هەموو دەرگاکانی بەختیاری و پێشکەوتنی بەڕوودا داخستن ! و شەڕ، خورافات و تاریک ئەندێشی و بە کەڵک وەرگرتنی لە گووشاری ئابووری، نیزامی، سەرکووت و دواکەوتوویی مەزهەبی بەسەر خەڵکدا سەپاند .

لەوکاتەوە بەشێکی زۆری سەرچاوەی ئابووری و مرۆڤی لەخزمەت زێدەخوازی، پەرداخەکردنی نیزامی و هەزاران پرۆژەی سەیر و سەمەرەدا بووە و ئامانج تەنیا پەرەپێدانی ئیدیۆلۆژی هیلالی شیعی و مانەوەی دەسەڵاتە مەنحووسەکەیانە.

هەر ئەوانەش کۆڵەکە ئابووری و جڤاکی و ئەخلاقییەکانی داڕماند و دەرەنجامەکەی لەدایکبوونی درووشمی «ما انقلاب کردیم! چه اشتباه کردیم» بوو . درێژەی ئەو درووشم و نارەزایەتی دەربڕینانە تێکدانی ئاسایش و ئارامی چەندین ساڵەی ویلایەتی فەقێ و نیزامە چەپەڵ و بەڕێوەبەرەکەی بوو .

قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لەمێژ بوو ڕێژیم شاردبوونیەوە ئاشکرا بوو و خەڵک کۆمەڵێک ڕاستیان بۆ دەرکەوتن کە دەمێک بوو کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایەوە دەیشاردنەوە . هەربۆیەش بە هەست کردن بەو ڕاستییەی کە ڕێژیم توانایی مووددیرییەتی قەیرانەکانی نەماوە و گلۆڵەیان کەوتۆتە لێژی، خوازیاری گۆڕینی بنەڕەتی ئەو پێکهات و سیستەمن و دەریش کەوت کە ئیدی ڕیفۆڕمگەرایی و بناژۆخوازی کڕیاریان نەماوە. سەرچاوە سروشتی و داهاتە نەوتییەکان، تا ڕادەیەک ڕێژیمی ئێرانی لە خەڵک بێمنەت کردبوو، بەڵام تەنگەژە فرەڕەهەندەکان و دابەزینی نرخی نەوت، لە ناوخۆشدا ڕێژیمی تووشی قەیران و کێشەی سیاسی کردووە و ئیتر بە هیچ کلۆجێک ناتوانێ بیشارێتەوە، ئەگەر پێشتر ویلایەتی فەقی بە پشت ئەستووری داهاتی نەوت و کەرەستە نیزامییەکان، تاقم و گرووپگەلی مفتەخۆر و لۆمپەنی لە ڕێگای ڕانت و بەخشینی بێ سنووری مادی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە، تا لەکاتی پێویستدا خەڵک سەرکووت بکەن و دۆخێکی تۆقێنەر و ترسهێنەر بخووڵقێنن، بۆی دەرکەوت کە گووشاری ئابووری و کەمبوونەوەی نرخی نەوت چاوی ڕەشی کاڵ کردوونەوە و قەڵشت و مەودایەکی زیاتر کەوتۆتە نێوان خەڵکی هەژار و بێدەرەتان و ڕێژیمە ملهۆڕەکەیان.

لەوە بەو لاوە ڕێژیم و کاربەدەستە چاوچنۆکەکانی کەوتوونە گیانی بانک و دەزگا ماڵی و ئیعتبارییەکانی نێوخۆ و ئەو بڕە پاشەکەوتەی خەڵکیشیان تاڵان کردن . خەڵک بۆ داکۆکی لە مافە خوراوەکانیان خۆڕسک و هاودەنگ نارەزایەتیان دەربڕی و دەیانزانی کە ڕێژیم پشتی دز و جەردەکانی گرتووە و گوێ ناداتە سکاڵا و دەردەکانیان. خامنەیی و تاقمە پیاوکووژ و مێژەربەسەرەکانی قووم و تاران، سەرجەم فراکسیۆنە دەستکرد و خۆکردەکانیان بانگهێشتن و یەکلایان کردنەوە کە بەپێی وەسیەتی خوومەینی: «مانەوەی نیزام لە سەرەوەی هەموو شتێکە» و لە قاموسی ڕژیمی تاراندا یانی لە هیچ چەشنە جینایەت و قەساوەتێک سڵ مەکەن !

کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕین و ئاخێزی سەرانسەری خەڵکی لەو دوو ساڵەی ڕابردوودا بە شۆڕشی کوێر، هەڵفریواو و ئاژاوەگێڕ ناودێر کردن و بە توندی بەگژیاندا چۆوە، هەرچەند ئەو ڕاپەڕینانە بەجۆرێک کۆڵەکەکانی ڕێژیمیان لەرزاند کە هێندێک تێئۆریسیەنی پان ئێرانیستی دەرەوەشی وەخۆخستن کە بە هێنانە بەرباسی ڕێفراندۆم بۆ گۆڕینی ساختاری ڕێژیم، کە تەنیا گەرەکیان بوو ئاگری ڕقی خەڵک دامرکێنن و هەستیان بەوە کردبوو کە نەمانی ڕێژیمی ئیسلامی بەواتای تێکچوونی جوگرافیای سیاسی ئێرانە . عمادی ئەفروغ کە پسپۆڕی کۆمەڵناسییە لە وتووێژێکدا بە ئیعتماد ئۆنلاین دەڵێ : بەپێی لێکدانەوەی ئێمە حەفتاوپێنج لەسەدی خەڵکی ئێران سەربەهیچ جەریانێکی ئیسلاحتەڵەب و بناژۆخواز نین و خواستەکانیان بەدوورن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی، هەروەها سەعیدی لەیلاز کە ئابووریناسە لە کۆنگرەی ( کارگزاران و سازندگی ) دا دەڵێ : ئەحمەدی نژاد بۆنی کردووە کە ئێران بەرەو هەڵوەشاندنەوەیەکی گەورە دەڕوا. عەبباسی دەوڵەتئابادی کە دادئەستێنی دادگای تارانە دەڵێ: نارەزایەتییە ئابوورییەکان ئەگەر چارەسەر نەکرێن دەبنە هەوێنی ڕاپەڕینێکی بەربڵاو و زیانبارتر کە مووجودییەتی نیزامی دەپێکێ. ئەو لێدوانانەی سەرەوە پەلکێشمان دەکەن بۆ ئەوەیکە دۆخی هەنووکەیی ئێران شێواوتر دەبێ و گۆڕان و ئاڵوگۆڕێک لە داهاتوویەکی نزیکدا بەڕێوەیە . گێژاوی ئابووری و سیاسی هەروا درێژەی هەیە و سەرلێشواوی و ڕاڕایی کاربەدەستانی ڕێژیم و وتووێژی حەسەنی خومەینی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئارمان، ئارگۆمێنتێکی مەنتقیترمان دەداتێ کە دەڵێ : «بەستێنی دوو ڕووداو هەیە، یان هەڵوەشاندنەوەی ئێران یان حکومەتێکی گیانەخرۆتر و پۆپۆلیست کە بە بیانووی پاراستنی تەواوەتی ئێران و ئەمنییەتی خەڵک، داخراوتر لەجاران خۆی دەسەپێنێ .»

ئێران کەوتۆتە دووڕیانێکی چارەنووسساز، کە لەگەڵ هەموو شەریک و برابەشەکانی لە دەرەوە و نێوخۆیدا هەوڵ دەدات سەقامگیرییەکەی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەبزارگەلی نیزامی، ئەمنییەتی، سیاسی و .... ڕاگرێ .

دەسەڵاتی ناوەندخوازی ئێران هەمیشە سەرکووتکەر بووە و بەشێوەیەک ڕێک خراوە کە دزی، ڕانتخۆری، تاڵانکردن و فەساد لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، پێش بە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە بگرێ و گەمە سیاسیەکانی وەک هەڵبژاردن و تەرحی بەرنامە و بوودجە و دیپلۆماسی لە ژووره نەهێنیەکانیاندا ڕەنگرێژ دەکرێن و بەڕێوەدەچن . کۆی ئەو خاڵانە و نادەروەستی ڕێژیم لەبەرانبەر پەتای کۆرۆنا و بێ مشووری لەهەمبەر گیانی هاووڵاتیان، قەیرانێکی نوێتر و گێژاوێکی خەستتری بۆ دروست کردوون کە تەمەنی ئەو دەسەڵاتەی کورتتر کردۆتەوە و دەکرێ بڵێین لە گیانەڵڵادایە.



# لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

## دیمانەیەک لەگەڵ «هەڵۆ قووچانی»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

**دیمانە: کوردستان**

ئەی پێشمەرگە! من و تۆ لە یەک کانی هەڵقولاین، منم دارێژەری وشە و تۆیش خولقێنەری حەماسە. منم وێنەگری ئەو دیمانەی شاخ لە ئامێزی گرتووە و تۆ خودی ئەو دیمەنانەیت وا شاخ بە ئاواتیەتی.

ئەی شۆڕشگێری دێموکرات!

لە ڕۆژ سووکیدا باویلکە چاوچنۆکیت پێدەکات و لە بەرزیدا چیا. شەقام چیدی خۆراگر نییە و هەنگاوەکانتی دەوێت! ئەویش چاوچنۆکی بە شاخ دەکات.

لە دیمانەی ئەمجارەماندا، شاعیرانە و بە دەم بزەی وشە چەک هەڵگرەکانەوە، دەڕۆینە دەمەوپیریی وشەکانی پێشمەرگەیەکی دەڤەری خۆراسان بە ناوی «هەڵۆ قووچانی»یەوە کە لە چیا سەرکەشەکانەوە لە ئاسۆی وڵاتەکەی دەڕوانێت:

- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟

خەڵکی ئێمە بەهۆی ئەوە لە مێژ ساڵ لەوە پێش لەلایەن حکومەتە فاشیست و دیکتاتۆرییەکانی ئێرانەوە تەبعید کرابوون بۆ خۆراسان بۆیە تەنانەت زمانی ئەسڵیەکەمانییان لێ ستاندین و بە زمانی فارسی نەسڵەکەمان تا ئێستا ژیاوە بۆیە شوناسە نەتەوەییەکەمان کە کوردی بووە بەرەبەرە وەبیر چووە مەگەر بەتەمەنەکانمان تۆزێک شتیان وەبیر مابێ کە منیش هەر لەو ڕێگایەوە هەندێ زانیاری زۆر کەمم هەبووە .بەڵام کوردستانم هەمیشە وەک خاکی ئەسڵی خۆم زانیوە و هەر کاتێک کە بە کورتی باس لە پێشمەرگە و فیداکارییان بۆم کرابێ، بەلامەوە زۆر جێگای ڕێز و شانازی بووە .

- هەرکەسێک کۆمەڵێک ئاوات و ئامانجی هەیە لە ژیانیدا، بۆچی ئەم ڕێبازەت هەڵبژارد لەحاڵێکدا کە دەزانیت ڕەنگە لەم پێناوەشدا گیانت لە دەست بدەیت؟

لە ڕاستیدا لە سەرەتاوە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگا لە ڕووی بیر و باوەڕێکی پۆڵایین نەبوو؛ زۆرترین مەبەستم ئەوە بوو بێم بزانم ئامانجی ئەو حیزبە چییە و داوای چی لە کۆماری ئیسلامی دەکات ، بەڵام کە هاتمە ناو حیزب زۆر بە زوویی هەستی نەتەوەییم زۆر بوو و ئامانجەکانیم زۆر پێ ڕەوا بوو و لێرەدا ئەسڵیەتی خۆم و شوناسی نەتەوەیی خۆم دۆزییەوە و زانیم کە چ غەدرێک لە حەق کورد و بە تایبەت کوردانی خۆراسان کراوە . بۆیە هەموو ئەوانە بوونە مەشخەڵی بیر و باوەڕم و وای لێ کردم کە بۆ گەیشتن بەو ئارمانجە ڕەوایانە خەبات بکەم و ئەگەریش قەرارە ڕۆژێک بمرم، با مەرگێکی پڕ لە شانازی بێت و مردن لە ڕێگای خاک و نەتەوەکەم بێت .

- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟

بەختەوەرم کە پەیوەست بوومە بە کۆمەڵێک خەڵک کە لە هەموو شتی خۆیان گۆزەراون و هاتوون بۆ گەیشتن بە ئارمانجی بەرزی گەل خەبات دەکەن و منیش یەکێک لەوانەم و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بەخشراوە پێم و لە پارێزەرانی نیشتمانم . کوردستان بە ماڵ و موڵکی خۆم دەزانم کە لە ژێر چەپۆکی پیسی زاڵمدایە و خۆم بە ئەرکدار دەزانم کە هەوڵ بۆ ڕزگاری نەتەوەکەم بدەم .

- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە، شۆڕش و خەبات، نەتەوە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:

نیشتمان : بە دایکی خۆمی دەزانم کە بەدەستی داگیرکەر ئەشغاڵ بووە و دەبێ ڕزگاری بکەین .

پێشمەرگە : بە پیرۆزترین و باوەڕمەندترین ڕۆڵەی گەل و پارێزەری هێما نەتەوەییەکانی دەزانم .

شۆڕش و خەبات : بە هەوڵ و ڕێگایەکی پیرۆزی دەزانم کە تێیدا گەورەمرۆڤگەلێک بۆ ڕزگاری گەل و خاک و نیشتمانەکەیان شەڕ دەکەن و تەنانەت لە گیانی خۆشیان دەگوزەرێن .

نەتەوە و ڕاسان :نەتەوە هەموو خەڵکی کوردستانە لە هەموو شوێنی ئەم دنیایە کە خاوەنی مێژوو، زمان، خاک و کلتووری هاوبەشن .

ڕاسان هەستانەوەی شۆڕشێکە .ئەم شۆڕشە هی گەل و نەتەوەیە کە کە دژ بە زاڵم و دیکتاتۆری حاکم لە سەر خاک و وڵاتییان، شەڕ دەکەن و خەبات دەکەن .

- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟

گەورەترین ئاواتی ژیانم ئەوەیە کە کوردستان ئازاد بکرێت و گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات و کوردانی خۆراسانیش بێنەوە ژێر سێبەری نیشتمان و شوناسی نەتەوەیی خۆیان بەدەست بێنن و ئێمەش بە ئازادی بگەڕێینەوە باوەشی گەل

- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟

بە بۆچوونی من ئازادی کە بەنرخترین مافی هەر مرۆڤێکە، دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت چون کورد بە درێژایی مێژووی خوێناوی خۆی لەم مافە و هەموو مافە مرۆییەکانی دیکەی بێبەش کراوە یان دەتوانین بڵێن لێیان سەندوون .

- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟

قسەم بۆ تەواوی هاووڵاتیانم ئەوەیە کە دژ بە پیلانەکانی ئەم ڕێژیمە خوێنمژە ڕابوەستن و بەشداری شۆڕش بکەن و بۆ ئازادی خەبات بکەن. هەروەها قسەم بۆ کوردانی خۆراسان ئەوەیە کە ئەوانیش لەوێ دژ بە ئەو زوڵم و ناعەدالەتییە هەستنەوە و شوناسی نەتەوەیی خۆیان لە دەست نەدەن و بەشداری خەبات و پرۆسەی ڕاسان بکەن .

- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟

پێیان دەڵێم شانازی بە خۆیان و ڕێگا و ڕێبازەکەیان بکەن و هەتا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانمان قەت لە تێکۆشانی خۆیان ماندوو نەبن .

. وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟

پێیان دەڵێم ئەوان دۆڕاوانی نێو خەڵک و نەتەوەکەیانن و تا زووە بەرگی خۆفرۆشی لە بەریان لا بەرن و بێنەوە ناو خەڵک و گەلەکەیان دەنا لەگەڵ تۆڵەی شۆڕشگێڕانەی ڕۆڵەکانی گەل بەرەوڕوو دەبن .

- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟

هەر دەم هەوڵ بۆ سەروەری خاک و نیشتمانەکەم دەدەم؛ گەورەترین ئاواتیشم لە ئێستەدا ئەوەیە کە لە داوڕۆژدا کوردانی خۆراسان بە مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانیان بگەن.

---

# کاززان ڕۆژهەڵاتی:

## سەرقاڵی شەڕی ڕەوانی لە گەڵ یەکدی نەبین و ئەو وزە بۆ دژایەتی داگیرکەران بە کار بهێنین



**دیمانە: ڕەحمان سەلیمی**

ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان بە شێوازی جۆراجۆر بە دژی بزووتنەوەی مافخوازانە و ڕەوای نەتەوەی کورد دەوەستنەوە، ئەوان لە دژی بزووتنەوەی ڕاوی گەلی کورد وێڕای شەڕی سەخت، شەڕێکی بەربڵاوی ڕەوانیش بەکار دەبەن. داگیرکەرانی کوردستان بە تێچوویەکی زۆر لە هەوڵدان بیر و زەینی تاکی کورد لە هەستی نەتەوەیی بەلاڕێدا ببەن، واتە لە ڕێگای شەڕی نەرمەوە هەوڵ دەدەن وزە و هێزی کورد کۆنترۆڵ بکەن و هەروەها هەوڵ دەدەن کە هێزە شۆڕشگێڕەکان نەتوانن خەباتی خۆیان بە جەماوەری بکەن.

**-شەڕی نەرم چییە و دوژمنان بۆ داڕماندنی پێگەی جەماوەری و شۆڕش و نەتەوەخوازی لە ناخی کورددا، چڕۆڵێک دەگێڕن؟ . حیزبە کوردییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو شەڕە نەرمەی کە لە دژی کورد بەکار دەبرێت، چ پلان و بەرنامەیەکیان هەیە و چۆن دەتوانن سەرکەوتوو بن؟ -ئایا ئاستی تێگەیشتن و وشیاریی خەڵکی کورد گەیشتووەتە ئەو ڕادەیە کە کورد بە شەڕی خۆخۆری سەرقاڵ نەبێت؟ -هێزە کوردییەکان هەتا چەندە لە شەڕی نەرم بە دژی دوژمنانی گەل کەڵکیان وەرگرتووە؟ ئەمە ئەو پرسیارانەن کە لەم دیمانەیەدا بەڕێز››کاززان ڕۆژهەڵاتی›› شارەزا لە کاروباری ئەمنیەتی وڵامی داوەتەوە کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.**

شەڕ لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ و گیانلەبەرانەوە بوونی هەبووە و بە پێی پێشکەوتن و کامڵبوونی عەقڵی مرۆڤەکان و گۆڕانی سەردەمەکانیش ئامرازەکانی شەڕیش بەو پێیە گۆڕانیان بە سەر هاتووە. یەکێک لە شێوازەکانی شەڕ، شەڕی ڕەوانییە کە هەر سەردەمێک بە بێ ئەوەش ناوی شەڕی ڕەوانی بێت بە کار هێنراوە؛ بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ناوی شەڕی ڕەوانی لە لایەن «فولێرەوە›› هێنرا و پاش ئەوە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا جێی گرت و ئێستا لایەنەکانی دژ، بە تایبەت وڵاتان بە دژی یەکتر یان بەرهەڵستکارانی خۆیان کەڵکی لێوەردەگرن.

شەڕی ڕەوانی گرینگتر لە شەڕی سەختە؛ شەڕی ڕەوانی شەڕی فکرەکانە لە دژی فکر و ڕۆحی بەرانبەر، لە ڕاستیدا شەڕی ڕەوانی بۆ لەشی مرۆڤ نییە بەڵکوو ئەو شەڕە مێشکی مرۆڤەکان دەکاتە ئامانج و بە بێ شەڕی سەربازی و تێچووی ئابوورییەکی ئەوتۆ بۆ بەچۆکداهێنانی لایەنی بەرانبەر بەڕێوە دەچێت.

بە کورتی شەڕی ڕەوانی بریتییە لە کەڵک وەرگرتنی بەرنامەداڕێژراو بۆ پروپاگەندە و کردارەکانی پەیوەست لە لایەن دەوڵەتێک یان گروپێک بە مەبەستی شوێندانەری لە سەر نەزەر و ئیحساسەکان، ڕۆح و ڕەوان و هەستەکان بەرانبەر بە گرووپەکانی دۆست، نەیار، بێلایەن و دوژمن بە مەبەستی جۆراوجۆر وەک:

١-شوێندانان لە سەر ڕۆحیە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان

٢-سەپاندنی ویست و ئیرادەی لایەنێک بە سەر لایەنی دیکەدا

٣-شوێندانان لە سەر سیاسەتگوزاری

٤-بێبەهاکردنی تاکەکان

٥-بێبەهاکردنی پیرۆزییەکان

٦-بۆ بەلاڕێدابردن و شاردنەوەی ڕاستییەکان

٧-دووبەرەکی نانەوە

٨-تیرۆری کەسایەتی

٩-لەنێوبردنی متمانە لە نێوان تاک و گرووپەکان

لە کۆتاییدا یەئس و بێهیوایی و پەرەسەندنی ناکۆکییەکان، دەکرێت بیروزەینی مرۆڤەکان داگیر بکات کە بەداخەوە هەموو کات دوژمنانی کورد لە شەڕی ڕەوانی و بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە سوسیالمیدیا پەرەی سەندووە کەڵکی وەرگرتووە و کەڵک وەردەگرێت کە زۆر جار ئەوەی لە ڕێگای شەڕی سەختەوە نەیتوانیوە بەدەستی بێنێت دەیهەوێت بە شەڕی نەرم یان ڕەوانی بە دەستی بهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە مێژووی جووڵانەوە و شۆڕشەکانی کوردیشدا شێوازی شەڕی ڕەوانی لەگەڵ دوژمن هەیە بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا حیزبە کوردییەکان بە شێوەی پێویست یان بە پێی پێشکەوتنەکان لەو بوارەدا بەرەوپێشچوونی نەبووە کە شەڕی ڕەوانی بەرانبەر دوژمنەکانی خۆی بکات، یان لانیکەم پوچەڵی بکاتەوە.

بەداخەوە زۆر جار وەداوی شەڕی ڕەوانی دوژمنەکەی کەوتووە ئەوەندەشی کە شەڕی ڕەوانی کردبێت بە داخەوە لە نێوخۆی کورد و بەدژی نەیاری خۆی کردوویەتی و دوژمنی لە بیر کردووە؛ دروست بە پێچەوانەوە لە کاتی شەڕی خۆخۆری ئەوە دوژمنەکانی کورد بوون کە کەڵکیان لێوەرگرتووە.

تا ئێستاش کورد بە شێوەی بەرنامە بۆداڕێژراو نەیتوانیوە بەستەری شەڕی ڕەوانی دروست بکات و شەڕی ڕەوانی لەگەڵ داگیرکەران بکات یان تەنانەت بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی داگیرکەران ئەگەر زەمینەکەش ڕەخسابێت زۆر بە کەمی کەڵکی لێوەرگرتووە.

بەگشتی شەڕی ڕەوانی گرینگتر لە شەڕی سەختە.

کاتێک کورد دەتوانێت لەو بوارەدا سەرکەوتوو بێت کە سەرەتا گرینگی شەڕی ڕەوانی بزانێت پاش ئەوە پێویستە ناوەندێک دروست بکرێت کە لەو بوارەدا بتوانێت بەرهەمهێنەری فکر بێت هەم بۆ بەرپەرچدانەوەی شەڕی ڕەوانی داگیرکەرانی کوردستان و هەم شەڕی ڕەوانی لەگەڵ داگیرکەران بکات؛ بەکورتی سەرقاڵی شەڕی ڕەوانی لە گەڵ یەکدی نەبین و ئەو وزە بۆ دژایەتی داگیرکەران بە کار بهێنین.

# سەفەر سلامەت

داربەڕوە چاوەڕوانەکەی ئازادی
پیرە هونەرمەند و خەت خۆشەکە
بەرگدورە ئارام و لە سەرخۆکە
بەهاری وەرزی ڕواننەوە و ڕاسان کەی وادەی کۆچ بوو ؟
چ لە ناکاو بەجێت هێشتین
ڕۆشنبیرە بلیمەت و ناودارەکەی سەقز
خانەدانە گەورەکەی ورە و کۆڵنەدان ،
ئەمجارە لە کۆڕی شەونشینی و یەلدای شەوانی زستاندا کێ بە شێعری پڕ لە خۆشەویستی نیشتمان میوانداریمان بکات ؟
خووشکەکانی ڕامینی شەهیدت ،
خەڵکی سەقز و تیکاب و دیواندەرە و مەڕان و تیلەکۆ
بۆ سەبوری و دڵنەوایی ، لە پاش تۆ ڕازی دڵیان بۆ کام کێوی خۆڕاگری ئەم نیشتمانە هەڵڕێژن ؟
گوڵە گەنمەکانی دەشتی هۆبەتو لە شیناوەردی ئاوی وشەکانتدا فرچکیان دەگرت
تۆ بارانی ڕەحمەتی زانایی و دڵفراوانی بوویت و
لە هەموو وەرزەکاندا دەبوویتە جوانی سروشت و
قەت نەدەژاکای
دیمۆکراتە بیرمەند و لە سەرەخۆکەی کوردستان ،
سینگت دەفتەری مێژووی زێڕینی کۆڵنەدان و
زمانت بلیندگۆی ڕاستبێژی و زانست بوو
شەقامەکانی ئەم شارە بە ئەسپایی شوێن پێی ڕۆژانەت هەڵدەگرن
کوڕان و کچانی ئەم کوردستانە لە ئاست خۆڕاگری و وانەکانت سەری کڕنۆش دادەنوێنن
هەر کامەیان ڕامینئاسا دەبنە ڕۆڵەی دایکی وەتەن
شار و شاخ لە ڕێبازی ڕامینتدا دەبنە ڕێبواری هەتا لوتکەی ڕزگاری
گەورەم ؛
بە کچەکانت بڵێ با بەس ئەسرینی جودایی دارێژن ...
تاوێ ڕامێنن
دەور و پشتیان پڕە لە ڕامین و ئامادەی خزمەت و سەردانانن
مامۆستا خۆشەویستەکەی هونەر ،
هەتاوە پڕ تینەکەی ڕۆژهەڵات ،
لە پاش مەرگی ویەن و بێرلین و سێدارەکەی سەقز
ئەوە تۆ بووی هانت دەداین سەنگەر چۆڵ نەکەین و
تیشکی هیوات لە ئاسۆی ڕونەوە بەسەرماندا دەباراند .
بای ناهومێدی قەت نەیتوانی خەرمانی ئاواتەکانت پەڕەوازەکا .
ئەی شێرە دڵپڕەکە و
ئەی هەڵۆ چاوتیژەکەی کوردستان
ئێستاش وانەکانت چرای ڕێگای کوڕ و کچی تامەزرۆی ئازادی نیشتمانە
ئارام بنوو
ئارام بنوو
ئەی جوامێرە ئەویندارەکەی ئازادی
ئارام بنوو
ئارام بنوو
دڵنیابە شۆڕش بەردەوامە و
تۆی قەت لە بیر ناچێتەوە

ئارام بنوو گەورەم
ئارام بنوو خۆشەویستم
سەفەر سلامەت
هۆ ئەوینە گڕگرتوەکەی دیداری نیشتمان ،
سەفەر سلامەت ئەی بەورە چاونەترسەکەی سەنگەری گوڵ و جوانی،
سەفەر سلامەت
سەفەر سلامەت

جاقل



KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 772 • 19 April 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### گواستنەوەی هاووڵاتییان بۆ زیندان:



ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی خاکەلێوە، «تەحسین دادڕەس» زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی گوندی «سەردۆش» سەر بە شاری مەریوان، لە زیندانی ئەو شارە، بۆ زیندانی ناوەندیی شاری سنە ڕاگوێزرا. ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە بەهۆی ئەوەیکە هاوکاری لەگەڵ ناوەندە حکوومەتییەکان ڕەت کردبوویەوە لەلایەن جێگری بەرپرسی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان خرابووە ژێر گوشارەوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان :

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی خاکەلێوە، بەڕێوەبەری کاناڵی تێلگرامیی «شارەکەم پاوە» بە ناوی «سەعید ئەحمەدی» کوڕی نەجیم خەڵکی شاری پاوە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.هێزە ئیتلاعاتییەکان ئەو چالاکە میدیاییەیان بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە ناوچەی هەورامان دەسبەسەر کردووە.

ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی خاکەلێوە، دادستانی گشتی و ئینقلابی شاری سنە، باسی لە دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییەک لە ژێر ناوی گەڵاڵەدارێژەی هەڵاتنی زیندانییانی سەقز، لە شاری بانە لە لایەن پۆلیسەوە کرد. «محەممەد جەباری» دۆزگەری گشتی و ئینقلابی سنە، لە شوناسی ئەو هاووڵاتییە دەسبەسەر کراوە خۆی بواردوە و تەنیا وەکوو گەڵاڵەدارێژەری سەرەکیی هەڵاتنی زیندانییانی زیندانی سەقز، ئاماژەی بەو هاووڵاتییە کردووە.

فەرماندەی هێزە نیزامییەکانی ماکۆ، باسی لە دەسبەسەرکردنی دوو کەس لە ماکۆ بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرد. «حوسین ئەشتەری»، فەرماندەی هێزە نیزامییەکانی ماکۆ وتی: ئەو کەسانە بەهۆی بڵاوکردنەوەی فیلمێک سەبارەت بە بارودۆخی نەخۆشێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی تێکدانی بیروڕای گشتی و دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگا، دەسبەسەر کراون.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەردین مەولوودی» خەڵکی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا..

### داسەپاندنی حوکمی زیندان بە سەر هاووڵاتییان:



هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی گوندی «چۆڕ»ی مەریوان بە ناوی «مووسا یووسفی» لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە ساڵێک زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا. ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی خاکەلێوە، لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر «سەعیدی» حوکمی سێ مانگ و ڕۆژێک زیندانیی بەسەر «فەردین مەولوودی»دا سەپاند. لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە، ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە «هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران» تۆمەتبار کردووە. دادگای ئینقلابی شاری مەریوان، بە بێ ئامادەبوونی «مووسا یووسفی» لە دادگادا، حوکمی یەک ساڵ زیندانیی بۆ ناوبراو بڕیوەتەوە.

لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی سنە بە سەرۆکایەتیی «مستەفا تەیاری»، حوکمی زیندانیی «کامران ساختمانگەر»، چالاکی کرێکاریی کورد کە بە ٦ ساڵ زیندانیی تەعزیری لەگەڵ توندترین سزا مەحکووم کردبوو، پشتڕاست کردەوە. دادگای پێداچوونەوەی سنە بە ڕەتکردنەوەی پێداچوونەوەی دۆسیەی ئەو چالاکە کرێکارییە، بە پشتبەستن بە بەندی ئەلفی مادەی ٤٥٥ی یاسای ئایینی دادڕەسیی کەیفەری، بەرگەی فەرمیی پێداچوونەوەی پشتڕاست کردەوە و ئەوە بڕیاری کۆتاییە.

لقی ١٠١ی دادگای کەیفەریی ٢ی شاری مەریوان «وریا دلئەنگیز»، چالاکی مەدەنیی کوردی، بە ٤ مانگ زیندان و لێدانی ٢٤ زەربە قامچی مەحکووم کرد. ئەو چالاکە مەدەنییە کوردە بە تۆمەتی «تێکدانی نەزمی گشتیی» تاوانبار کراوە.

«سەعید سەنگەر»، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ، لەلایەن لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە سەرۆکایەتی دادوەر «شێخلوو»، بە ١٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرا. ڕۆژی چوارشەممە ٧ی ڕەشەمەی ساڵی ٩٨، ئەو زیندانییە سیاسییە بە تۆمەتی «ئەندامبوون لە هێزەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران»، بانگهێشتی لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ورمێ کرا و حوکمی ١٥ ساڵ زیندانی لە ١٥ی ڕەشەمەی هەمان ساڵ بۆ ناوبراو بڕایەوە و لە ڕۆژی شەممە ٢٣ی خاکەلێوە، ئەو حوکمەی پێ ڕاگەیەندرا.

### بێبەریبوونی زیندانیان لە مافی مورەخەسی:

ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی خاکەلێوە، «ڕەحیم مەحموودی ئازەر» زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ ، بە تۆمەتی «بەزاندنی سنوور» کە بە ٩ مانگ زیندانی حوکم دراوە، لە زیندانی ورمێ ئازاد نەکرا.

دادسەرای نیزامیی ورمێ داخوازیی لێخۆشبوون و ئازادیی بێمەرجی «فاروق شاروێرانی» و «ئەمیر پەیغامی»، دوو زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شنۆی لە زیندانی کرمان ڕەت کردەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو دوو زیندانییە کوردە پاش بڵاوبوونەوەی ڤایروسی کۆرۆنا چەند ڕۆژ پێش هاتبوونە مورەخەسی و بۆ داخوازیی لێخۆشبوون و ئازادیی بێمەرج سەردانی دادسەرای نیزامیی شاری ورمێیان کردبوو.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «بورهان جنیکانلو» تەمەن ٢٨ ساڵ، خەڵکی شاری بازرگان سەر بە ماکۆ، لە بەرزاییەکانی سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بریندار بوون.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی خاکەلێوە، تەرمی کۆڵبەرێک بە ناوی «عەسکەر محەممەدی» خەڵکی گوندی «نەبی کەندی»ی بەخشی ناوەندیی چاڵدێران لە بەرزاییەکانی ئەو شارەدا دۆزرایەوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابرووودا ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری چاڵدێران کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک بە ناوی «مەجید بەرایی» بەسەختی بریندار بوو.

ئەو کۆڵبەرانە لە نزیکی گوندی «شێخسلوو» و لە بەرزاییەکانی سنووری چاڵدێران کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی سپای پاسداران.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ناوەندە ئیتلاعاتییەکان لە ماوەی مانگێکدا، بۆ گوشار خستەسەر پزیشکی خۆشناوی سەقز د.ڕەحیم یووسفپوور، ٨ جار بانگهێشتنامەیان بۆ ناردووە. لە گرتە ڤیدیۆییەکی ٥٣ چرکەییدا، دوکتور «ڕەحیم یووسف پوور»، باس لەوە کردووە کە هەر ڕوونکردنەوەیەکی بەنیسبەت نەخۆشیی کۆرۆنا لە لاپەڕەی کەسیی خۆیدا لە ئینستاگرام بڵاو کردووەتەوە، لە لایەن لایەنە پێوەندیدارەکانەوە، ئەو هەواڵە ڕەت کراوەتەوە، کە ئەو هەواڵە دوورە لە ڕاستی.

«شارام سەفەری»، ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری کاناڵی تێلێگرامیی «ڕاوێژ پرس»، بانگهێشتی دادگای سەرپێلی زەهاو کرا. ئەم ڕۆژنامەوانە بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بانگهێشتی دادگا کراوە و ڕۆژی شەممە ٢٣ی خاکەلێوە، دەبێ لە دادگا ئامادە بێت.

### تەقینەوەی مین:



دوو سەربازی هێزەکانی ئینتزامیی بە ناوەکانی «جەواد مێهریزادە و مازیار ئیستراکی» کە لە جادەی سەرشیوی سەقز، تووشی ڕووداوی تەقینەوەی مین ببوون، پزیشکان بە هۆی قورسی برینەکانیانەوە، ناچارن قولاپەی پێی ئەو دوو سەربازە بقرتێنن.

### ئێعدام کردن و داسەپاندنی ئێعدام بە سەر هاووڵاتییان:



دیوانی باڵای وڵات لەژێر گوشاری سپای پاسداران حوکمی لەسێدارەدانی «ئەرسەلان خودکام»، زیندانیی سیاسیی کوردی لە گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ پشتڕاست کردەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی ورمێ، ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، سێ جار بە حوکمەکەی نارەزایەتی دەربڕیوە و دیوانی باڵای وڵاتیش بە ڕەتکردنەوەی پێداچوونەوە بە حوکمی ئەو زیندانییە سیاسییە، حوکمی لەسێدارەدانەکەی پشتڕاست کردووەتەوە.

سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ٢٣ی خاکەلێوە، حوکمی ئێعدامی «مستەفا سەلیمی»، زیندانیی مەحکووم بە ئێعدام لە زیندانی سەقز جێبەجێ کرا. ئەو زیندانییە بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا، بۆ ژووری تاکەکەسیی گوازرابووە.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:



ڕۆژی شەممە ١٦ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مەیسەم تەهماسبی» خەڵکی شاری دێولان، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەو هاووڵاتییە کوردە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوەی خۆی کوشتووە.

ڕۆژی هەینی ٢٢ی خاکەلێوە، کچە مێرمنداڵێکی تەمەن ١٢ساڵ خەڵکی شاری هیلیلان سەر بە پارێزگای ئیلام، بەهۆی دەسکورتی و هەژاری دەستی دایە خۆکوژی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەو کچە مێرمنداڵە، پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە و بەهۆی نەبوونی پارە بۆ کڕینی جلوبەرگی کوردی لە نەورۆزدا، خۆی کوشتووە.

لەلایەکی دیکەوە، پیاوێکی پێی لە تەمەن خەڵکی شاری مێهران، بەهۆی هەژاری و دەسکورتی بە چەکی ڕاو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### مانگرتنی زیندانیان:

لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی خاکەلێوە، زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «ئیسماعیل موریدی» خەڵکی گوندی «قولقولە»ی شاری سەلاسیباوەجانی، بەنیسبەت پێنەدانی مورەخەسیی بێمەرج لەلایەن بەرپرسانی زیندانی دیزلئاوای کرماشانەوە، مانی لە خواردن گرتووە.

### گیان لە دەسدانی زیندانی لە زیندان:

وتەبێژی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خوازیاری وڵامدانەوەی بەرپرسانی ئێرانی سەبارەت بە کوشتنی «دانیال زەینەلعابدینی» مێرمنداڵی کوردی خەڵکی مەهاباد بوون کە لە گرتووخانەی میاندواو لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە. ڕۆپرت کلویل، وتەبێژی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا، کە ڕۆژی هەینی ١٥ی خاکەلێوە، بڵاو کراوەتەوە، نیگەرانیی خۆی لە کوژرانی زیندانییەک و بارودۆخی زیندانییانی دیکە دەربڕی و خوازیاری وڵامدانەوەی بەرپرسانی ئێرانی بووە. لە بەیاننامەکەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە: «ئێمە بە بڵاوکردنەوە و بیستنی ڕاپۆرتگەلێک سەبارەت بە کوژرانی مێرمنداڵێک بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەی مەئموورانی زیندان تووشی ترس و سەرسامی بووین». ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٩ی خاکەلێوە بەندکراوانی دوو بەندی گرتووخانەی مەهاباد، لە هەمبەر پێنەدانی مورەخەسی بەو زیندانییانە و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، نارەزایەتییان دەربڕی و لەو نارەزایەتییەدا، دانیال زەینۆلعابدینی لەگەڵ ژمارەیەک لە بەندکراوانی زیندانی مەهاباد بۆ زیندانی «میاندواو» دوور خرابووە و لەژێر ئازار و ئەشکەنجە مەئموورانی زیندان گیانی لەدەست دابوو».

Kurdistan Press Agency